YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی روداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٤١ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٢ بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ No.41.October 2022

## سەرۆک کۆماری عێراق و ئەگەری ڕوداوەکان

**یادننامە**

هەمو چاوەکان لەسەر ئەوەن کە عێراق لە ئێستادا کەوتوەتە بەردەم گرێ کوێرەی  دانانی سەرۆک کۆمار و پێکهێنانی حکومەتێک تا بتوانرێ دوای هەڵبژاردنەکان عێراق ببێتە خاوەن سەرۆکایەتی و حکومەت و پەرلەمان ، دەبێ بپرسین ئەی دوای ئەم پرۆسانە ئایا عێراق دەتوانێ باشتر ببێت لە قۆناغەکانی پێش خۆی..؟؟

هەموان دەزانین عێراق گیرۆدەیە بە کۆمەڵێک کێشەی گەورەوە و لەسەرو هەموشیانەوە دەستی دەرکی و گەندەڵی ، کە دوای ئەم پرۆسەیە و حکومەتکەی سودانی  کێشەکانی عێراق قوڵتردەبنەوە لەسەر هەردو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی ، لە ناوخۆدا سۆدانی لەبەردەم جوڵەی کوتلەی سەدریدا دەبێت و زەحمەتە بتوانێ هیچ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ بکات و بگرە پێناچێ هەروا بە ئاسانی بەردەوام بێت ، بە تایبەت لەبەردەم کێشە تازەکان کە عێراق لەگەڵ کێشە قوڵەکانی تردا کێشەی وشکەساڵی بۆ زیاد دەبێ و ئەگەری ململانێی توندی گروپە چەکدارەکان ، لەسەر ئاستی دەرەکیش ئەگەری فراوانبونی جەنگی ڕوس و ئۆکراین بۆ گەورەتر و تێوەگلانی وڵاتان لەم جەنگەدا و بەکارهێنانی عێراق وەک پێگەی ئێران بۆ ئەگەری ململانێی توند ، بە هەمو دیوەکاندا پێ ناچێ دۆخی عێراق بەرەو باشتر بچێ و سۆدانیش بە هەمان شێوەی کازمی نەتوانێ هیچ لە پرۆسەی حکومداری عێراق بگۆڕێ و دروشمەکانی وەک ڕیفۆرم ، چاکسازی و ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی هەر وەک خۆی بمێنێتەوە و بگرە خراپتر دەبێ ،سەبارەت بە کوردستان دەتوانین بڵێین بە پێی ڕوداوەکانی مێژوو هەرکات عێراق بێهێز بوبێ هەرێمی کوردستان دۆخی باشتر بوە ، بەڵام ئایا سەرکردایەتی کوردی دەتوانن ناوماڵی کوردی لەبەردەم هەلی زێڕینی وەک لە ئێستادا هەیە ڕێک بخەن و ببنە پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و ئابوری و سەربازی و بتوانن حکومداریەکی ڕەشید بەرهەمبهێنن.




ئەگەر هاتوو بیستت خۆم کوشت.. بزانە کە..
نەمتوانیوە شیعرێک بڵێم ئازارمی تیا جێ بێتەوە...




دزێک لە لوتکەی ویژداندا ...ل٢
ڕاستی ڕووداوەکان ...ل٣
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ...ل٤
کتێبی ئایدۆلۆژیست ...ل٥
ئاوڕدانەوەیەك لە پرۆسەی پەروەردە ...ل٧
خێزانی "ژینا ئەمینی" هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکرێت ...ل٨
ئیمارات دەچێتە سەر مانگ ...ل٩
ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا چۆن روویدا ...ل١٠
گۆچانەکەی مام ١٣
جیهان بەرەو کوێ ...ل١٥
ژیانی کۆمەڵایەتی ...ل١٧
هونەرمەندێکی بلیمەتی هونەر ...ل١٩
مام جەلال بۆ،، ...ل٢٠
کوردی ڕۆژهەڵات و حوکمداریی ...ل٢١
زیندووەکان و مردووەکان ...ل٢٢
کورد سەردەمێکی نوێی گەشی سیاسی و ئابوری ...ل٢٣

# دزێک لە لوتکەی ویژداندا

نووسەرو شاعیری پاکستانی میرزا ئەدیب کە لە ساڵی ١٩٩٩ کۆچی دوایی کردووە لە کتێبی " المصباح " دا نووسیوویەتی " لە ساڵانی شەستەکان ڕۆیشتم بۆ شاری نیو دەلهی بۆ کارکردن ، ڕۆژێک کە لە پاس دابەزیم ، دەستم بۆ گیرفانم برد ، شۆک بووم ، زانیم دزیم لێ کراوە ، ئەوەی لە گیرفانم دزرابوو تەنها نۆ ڕوپیە بوو لەگەڵ نامەیەک کە لە نێو زەرفێک دامنابوو بۆ دایکم نووسیبوو ....

" دایکی میهرەبان و پڕ سۆزم ، من لە کارەکەم دەرکراوم ، بۆیە ناتوانم وەک هەمیشە هەموو مانگێک ٥٠ ڕوپیەت بۆ بنێرم ..."

ئەو نامەیەی کە بۆ دایکم نووسیبوو ماوەی سێ ڕۆژ بوو لە گیرفانم هەڵم گرتبوو ، هیواداربووم لە کاتێکی گونجاودا لەگەڵ ئەو ٩ ڕوپیەیە کە هەمبوو بۆ دایکمی بنێرم " .

هەرچەندە ئەو ٩ ڕوپیەیە کە لێم دزرابوو پارەیەکی ئەوەندە زۆر نەبوو ، بەڵام بۆ کەسێک لەکارەکەی دەرکرابێ و هیچ برە پارەکی تری نەبێت ، هێندەی ٩ هەزار ڕوپیە لام بە بایەخ بوو .

چەند ڕۆژێک تێپەڕی نامەیەکم لە لایەن دایکمەوە پێگەیشت ، هەستم بە ترس و شەرمەزاری دەکرد لە دڵمی خۆمدا دەمگوت " لەوانەیە دایکم داوای ئەو برە پارەیەی کردبێ ، کە من هەمیشە هەموو مانگێک بۆم دەنارد ، بەڵام کاتێک نامەکەم خوێندەوە ، دەبینم دایکم دنیایەک سوپاس و پێزانینی هەیە بۆم نووسیوویەتی

کوڕەکەم ٥٠ ڕوپیەکەم لە ڕێگەی حەواڵەوە پێگەیشت ، ئای تۆ چەند کوڕێکی باش و میهرەبانی ، لەگەڵ ئەوەی لە کارەکەشت دەرکراوی بەڵام هەر ئەو برە پارەیەت بۆ ناردم ، وەکو هەموو مانگەکانی تر بەبێ دواکەوتن ، داوا دەکەم خودا پشت و پەنات بێت و ڕۆزیت فراوان بکات ..." .

بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دوو دڵ و پەرێشان بووم ، خودایە دەبێ کێ ئەو پارەیەی بۆ دایکم ناردبێ ؟

پاش چەند ڕۆژێک نامەیەکی ترم بەدەست گەیشت بە خەتی کەسێک نوسرابوو کە بە حاڵ دەخوێندرایەوە ، خاوەنی نامەکە نوسیبووی " ناونیشانەکەتم لە زەرفی نامەکەوە دەسکەوت ، من بووم ٩ ڕوپیەکەی تۆم دزی ، لەگەڵ ٤١ ڕوپیەی تر کە پێشتر کۆم کردبۆوە بۆ دایکتم نارد لە ڕێگەی ئەو حەواڵەیەی کەلە نامەکەدا نووسیبووت ، لە ڕاستی دا دوای خوێندنەوەی نامەکە بیرم لە دایکی خۆم و دایکی تۆش کردەوە ، بە خۆمم گوت " ئەم دایکە ئێستا بە بارودۆخێکی سەختی هەژاری و برسیەتی دا تێدەپەڕێت ، بەم کارەم گوناهی ئەم دایکەو کوڕەکەشی دەکەوێتە ئەستۆم ، بۆیە بڕیامدا هەڵەکەم قەرە بوو بکەمەوە ، من دزی نێو پاسەکە بووم ، تکایە لێم خۆشبە ...." .

منیش بە خۆمم گوت لەم ژیانەدا هەندێک جار ڕێمان دەکەوێتە هەندێک دز زۆر شەریف تر و بە بەزەیترن لەوانەی ڕۆژانە بەس خەریکی بەرزکردنەوەی دروشمی درۆینەو ساختەن .

وەرگێڕانی:قەهارحەسەنکەپەنکی
ئامادەکردنی هونەر جەمال



# چیرۆکی گوێ ئاگردانی عیراقی

ڕۆژێک لەڕۆژان گۆشتفرۆشێک لەکاتی گۆشت لێکردنەوە بەساتورەکەی دەستی لەئێسقانێکی دا وپارچە ئێسقانێکی بچوک پەریەناوچاوی وچاوی سور هەڵگەڕا وئازارێکی زۆری هەبوو ...ئەوکات سەردەمە ئەوەندە دکتۆر ونەخۆشخانە نەبوو بۆیە خۆی کرد بەلای دەلاکێک دا دوای سەیرکردنی گوتی هیچ نییە جێگەی نیگەرانی نیت نەبێ وتەنها پاککردنەوەو تۆزێ چەورکردنی دەوێت وپێی گوت هەموو ڕۆژێک وەرە بۆلام تا بۆت پاک بکەمەوە.

ڕۆژی دواتر گۆشت فرۆش کیلۆیەک گۆشت وسی وجگەرێکی لەگەڵ خۆی بردو چوە لای... دوبارە دەلاک خۆی سەرقاڵکردوبۆی پاککردەوە ودیسان بۆی چەورکردەوە ، چەند ڕۆژێک بەوشێوەیە دەلاکەکە هەر گۆشت وجگەری خۆڕایی دەخوارد ...

ڕۆژێک چەند کەسێک هاتن بۆلای دەلاکەکە وپێیان ڕاگەیاند چەند منالێک هەن لەدەرەوەی شارن بەڵکو لەگەڵمان بێیت بۆ خەتەنەکردنیان وئەویش دام ودەزگای پێچایەوەو کوڕەکەی ڕاسپارد لەسەر دوکانەکەی بێت تا لەو خەتەنە کردنانە تەواو دەبێت...

کوڕەکە لەسەر دوکانەکەبوو کابرای گۆشتفرۆش هات وگوتی باوکت لەکوێیە؟ گوتی لەخەتەنە سورانە و وازوو ناگەڕێتەوە چ ئەمرێکت هەیە؟گۆشتفرۆش باوکت ئیشەکەی فێرکردویت بەڵێ قوربان....

کوڕەکە سەیری چاوی کردو گوتی زۆر ئاسانە پارچە ئێسقانێکی بچوک لە چاوت هەڵچەقیوە وئێستا بۆت دەردەهێنم وبەفیعلی ئێسقانە بچوکەکەی لەچاوی دەرکرد وبۆی پاککردەوە.

بۆ شەوەکەی باوکی گەڕایەوە ولەکوڕەکەی پرسی کێ هات؟ کێ ڕۆیشت وکوڕەکە بەباوکی ڕاگەیاند تەنها گۆشت فرۆشەکە هات وئێسقانەکەم لەچاوی دەرهێنا...

دەلاک: کێشای بەئەژنۆی خۆی دا :

تازە تەواو نە گۆشت نەجگەر ناخۆین وچاومان پێی ناکەوێ...!! مانگا مردو دۆ برا.

پەند و وانە لەم حیکایەتە عیراقیە کۆنە ئەوەیە ئێستا زۆر لەسەرکردەو سیاسیەکان وپەرلەمانتاران و وەزیرو گزیر تەنانەت گەر لەسەر جەستەو خوێنی خەڵکیش بێت هەندێک هەر مەبەستیانە دەست بنێنە بینەقاقای خەڵک وهەر بماشنەوەو بخۆن خەڵکیش چۆن دەژین با بژین ...

عوسمان عومەر
١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢
لە پێگەیەکی عیراقی وەرگیراوە



# ڕاستی ڕووداوەکان

هەشتەم: دڵداری و خۆشەویستی .
ساڵی 1983.
شوێن: بالیسان ماڵی دکتۆر ( کمال خۆشناو ) .
پێشمەرگەیەک هاتبوە لای و داوایدەکرد کە خوازبێنی کچێکی بۆ بکات، ووتی: ناچم ... زۆری هەوڵداو پاڕایەوە کە دڵی پێوەیەتی و یەکیانخۆش دەوێت.
وتی: هەر ناچم بۆت داوا بکەم
وتم: تۆ چوزانی، لەوانەیە بیدەنێ ، تۆ بۆی بخوازە.
وتی: نایدەنێ ... من دە زانم ئەوان شێخن و ئەمیش مسکێن.
دواتر ووتم: جا ئەوە چی تێدایە، یان خۆت هەرگیز حەزت بە ژنان نایەت.
وتی: بۆ وادەڵییت و بۆ وا لەمن گەشتوییت؟
وتم: لەوەتەی لەگەڵتام هەرگیز باسی ژنت نەکردوە، وەک ئەوەی بونیان نەبێت لە ژیانتا.
ئەو کوڕە دڵی بەو کچەوەیە و یەکتریان خۆشدەوێێت.
وتی: خراپ لێم تێگەشتویت، وەرە با دانیشین و بۆت باسبکەم.
کە من ووا نیم و هەر بۆ زانیاریت دڵداریشم کردووە.
خۆی لە من زیاتر زەردەخەنەی دەکرد.
بە پێکەنینەوە ووتم: ووتت خۆشەویستی واتە دڵداریی ؟
وتی: بەڵێ دڵداریم مەبەستە، بەردەوام بوو..
کاتێک لەبەغداد دەمخوێند، کچێکی جوانمان لەگەڵ بوو، هەموو کوڕەکانی تێکدابوو، کەس نەیدەوێرا پێێ بڵی کە خۆشی دەوێت، چونکە جوانیەکەی لە ڕادە بەدەر بوو .
منیش لام جوان بوو، بەڵام ئەو زۆر لوت بەرز بوو بە جووانیەکەیەوە دەنازیی.
بە هاورێکانم ووت کە ئێوە ناوێرن وا من دەچم پێی دەڵیم .
هەردووکمان بەزەردە خەنەوە سەیری یەکمان دەکرد.
وتی: بەیانی کە هات چوومە بەردەمیی و پێمووت: تۆ زۆر جوانیت من حەزم لێتە، وەرە بابیین بە هاورێ .
منیش بە زەردەخەیەکی گاڵتە ئامێزەوە سەیرم دەکرد و گوێبیستی بووم و پرسیم: ئەمە تۆ ... ئەی ئەو ووتی چی؟!
وەڵاووتی: ... من زۆر ڕقم لە تۆیە و نامەوێ دەم و چاویشت ببینم، بە پێکەنینەوە .
منیش یەکسەر ووتم: دەبڕۆ ( ..... ) .
هەردوکمان دامانە قاقای پێکەنیین، ووتم: ئەمە بوو دڵداریەکەت ....هاهاهاها ..
تۆ بۆ شەڕچویت یان دڵداریی؟
زۆر شتی تری بۆ باسکردم، دواتر ووتی: با بزانیت من دژی ژن نییم، بە زەردە خەنەیەکەوە وەڵامێکی بێدەنگم دایەوە.
بە زیندوو مانەوەی ئەم لایەنە سۆزداریی و هەست ناسکییە لە کەسێکی وەک ئەودا و لە هەلو مەرجێکی دژواریی خەباتی شاخدا کە هەمیشە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەختدا بوو لەگەڵ دڕندانە ترین ڕژێمی سەردەمەکەدا ئەو لایەنەی کەسایەتیی ئەوی نیشان دەدا کە بە ئەگایە لە ئەوی دیکەی ڕەگەزیی مێ و بەتەواوکەری ژیانی دەزانێت هەروەک ئەوەی کە هەیەو ئاگایشیی لە پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەواریش وای لێدەکرد ووشیار بێت لەگەڵ ئەو پرسانەداو خۆسەریی مامەڵەیان لەگەڵدا نەکات و بە یەک لەو گرفتانەی دەزانی لە فەرهەنگی کوردەواریدا کە چاوی لە چارەسەرکردنیان بریبوو .


نەورۆز زرگوێزیی




# ڕاستی ڕووداوەکان

نۆیەم /خواردن و خواردنەوە .
لە ژیانمدا نەمدیوە داوای خواردنێکی کردبێت ، هەرچی هەبوایە لە وەی دەخوارد ، بەڵام چ خواردنێک ، منداڵیکی دوو ساڵی پێ تێر نەدەبوو، چای خەست و بێ شەکر و جگەرە ... خۆشترین شت بوو لای ، هەندێ جار چام بۆ دەبرد، کەمێ ڕوون و شەکرم تێدەکرد و تێکم دەدا ، کە دیخواردەوە ، دەیگوت: فێڵم لێمەکە، ئەو چایەم بۆ بێنە کە خۆم حەزم لێیەتی، دەموت: ئاخر خراپە، بە زەردە خەنەیەکەوە دەیگوت: ژیانی خۆمە تۆ حەقت چییە بەسەرەوە، ناخۆشترین شت ئەوە بوو لەگەڵی نانت بخواردایە ، من هێشتا ەکردبوو ئەو گەرم نەببوم ئەو تەواو دەبوو و دەکەوتە جگەرە و چا خواردن، ئەو کات من زۆر خۆر بووم ، ناچار بووم دەست بگێرمەوە ، هەرچەندە لە زۆر شوێن دەیگوت حەقی منت نەبێت نانی خۆت بخۆ ، دەزانم تۆ زۆر خۆریت.
ئەم ڕەفتارە لە خواردن و خواردنەوەی ئەودا دەگەڕایەوە بۆ سروشتی خۆیی و خوازیار نەبوو تێکی بدات و وا کەوتبوویەوە کە لەو هەلومەرجەدا خزمەتی بەو دەکرد، چونکە ئێمە زۆربەی کات بە سکێ تێرو بە دە برسیی ژییانمان دە گوزەراند و ئەو کەم خۆریی و قەناعەت خۆرییەی ئەو زۆرجار دەبووە مایەی ئەوەی کە ئێمەش بەوە ڕازیی بین کە هەیەو گوێ بەوە نەدەین کە نییە یاخود نە بوونی نەبێتە کێشە و خەمیی پەیداکردنی نەبێتە مایەی ڕیسککردن بە گیانی هاوڕێو هەڤاڵەکانمانەوە.

نەورۆز زرگوێزی



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان.


عوسمان مەلا مەحمود مەلا ئەمینی نۆڕک ناسراو بەهاوڕێ سۆران؛

گەنجێکی ڕەشتاڵە بە چوار گەندەموی لاجانەوە و کورد ووتەنی چوار ئێسقان بوو ،بەڵام هەنگاو خێراو زیتەڵەو ووریاو لەو ناوچەی سیوەیل و نۆڕکە هەموو سەختە ڕێ و تولە ڕێکانی بناری سورکێوی تەیی کرد بوو ئاشنای بەفرو کرێوەی ئەو بنارەو خورەخوڕی چەمی سیوەیل بوو ،ئاخر ئەو تەمەنی ئەوەی نەبوو کاری ڕێکخستن و نهێنی ئەنجام بدات بەڵام لەبەر زیتەڵەیی خۆی و چەپەکی دێکەیان هاتنی دەستە سەرەتای یەکانی پێشمەرگە بۆ گوندەکەیان بووە حەلقەی پەیوەندی لەسەرەتای شۆڕشی نوێساڵی ١٩٧٦ خۆی و هاوڕێ عوومەری برای لەگەڵ یەکەم حەلقەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستان لەناو شارۆچکەی چوارتادا زۆر چالاکانە کارەکانیان ئەنجام ئەدا .کاری نهێنی و چالاکی زۆریان ئەنجام داو بونە پێشەنگی خەباتی لەو دەڤەرە ،لەناو شانە نهێنی یەکانی ژێر چەپۆکی بەعسی گۆڕ بە گۆڕ.

عوسمان مەلا مەحمود مەلا ئەمین ناسراو بەهاوڕێ سۆران ،ساڵی ١٩٦٣ لەگوندی نۆڕک چاوی بەدنیا هەڵهێناوە ،بەبناری سورکێوەوە فێری ڕێ و ڕەوت و گورج و گۆڵی هەنگاوی کەڵەکێوی ئاسا بووە ،بەعەشقی سیوەیل و بەفرو کرێوەی کوێستان گۆش ببوو ،هیچ هەورازێ هەنگاوی هیلاک نەدەکرد، لوتکە گۆچانی دەستی بوو بنار هێزی هەنگاوی ،هاوڕێ سۆران قوتابخانەی سەرەیایی لەگوندی نۆڕک خوێندووە لەساڵی ١١٩٧٠ بۆ ١٩٧٦ بۆ خوێندنی ناوەندی ڕوو لە شارۆچکەیی چوارتا کردووە هەر لەیەکەم وێستگەو یەکەم ساڵی ١چالاکانە چوەتە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە لەهەمان کاتا حەلقەی وەسڵی نێوان شاخ و شار بووە لەنێوان کاک وەهاب و ڕێکخستنەکانی ناو چوارتا هەریەک لە شەهید حەمەمین و خاڵە بەکرو فاروق عوسمان و تالیب و غەریب و بەکر حەسەن و بەرزان و زۆری تر....هتد ،بەڵام ساڵی ١٩٧٨ نۆڕک وەکو هەموو دێیەکی سنووری ڕادەگوێزرێت و دەکەونە چوارتاو سلێمانی یەوە ، هاوڕێ سۆران دوایی تەواو کردنی پۆلی سێی ناوەندی حەزی بەخوێندن کردووە ، بەڵام هەندێ کێشەی بۆ دروست دەبێ و ترسی گرتن بۆیە ڕێی شاخ دەگرێتە بەرو ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە پێشمەرگە لە سەرکردایەتی ئەو کاتی یەکێتی لەدەستەکەی سالار عەزیز کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بوو ئەو کات،بەشداری کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستانی کردووە،دوایش بووە بە رابەر سیاسی لەکەرتی یەکی هەرێمی سێ ودوایش ساڵی ١٩٨٢ کە تیپەکان تەشکیل کران بووە کادر لەتیپی ٣٧ ی شارباژێر ، کادرێکی زۆر ووریاو چالاک بووە لەو سنورەو خۆشەویستی ناو خەڵک و پێشمەرگە بووە بەشداری زۆری شەڕەکانی ئەو ناوچەیەو شارباژێرو سیوەیل و ئالانی کردووە و لەشەرەکانی ڕۆژهەڵاتیش چالاک بووە ،یەکیک بووە لەو کادرانەی بەهۆی دروست بوونی ئالای شۆڕش تەنگی پێهەچنراوە چەند جار گیراوەو دەستبەسەر کراوە تا دواجار بەئاگاداری سەرکردایەتی دادەنیشێ ،بەڵام لەکۆتایی هەشتاکان جێگایەک نەما بۆ دانیشتن هەمووی بوو بە سنوری جەنگ لەنێوان ئێران و عێراق و پێشمەرگەدا،بۆیە گەرایەوە بۆ سلێمانی بەڵام بە هەڵوێستی جوانی نیشتیمانانەوە لەکاتێکدا بەشێکی زۆری لەکادرو ڕێکخستنەکانی ناو شاری دەناسی بەتایبەتیش ناوچەی شارباژێر .

هاوڕێ سۆران لێرە بەدواوە ژیانی گۆڕا لە ئەمن و ئیستخباراتی سلێمانی و لەژێر چاودێری قورسا بوو زۆریان بۆ هێنابوو کاریان لەگەڵدا بکات ،بەڵام سەربەرزانە بە ڕوویاندا وەستایەوە ،بۆیە بردیان بۆ بەغداد بۆ ئیستخبارات و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو کاتی بەعس سێ مانگ بێ سەرو شوێن کرا دوایی ئازارو ئەشکەنجەی زۆر هێنایانەوە بۆ سلێمانی تا لە مانگی ٢ دووی ساڵی ١٩٨٩ بە بەرنامەیەکی نهێنی لەماڵ دەیانکردو گەشمردەیان کرد هەزار سڵاو لەگیانی پاکی هاوڕێ سۆران یادو یادەوەری بەخێر/ڕزگارەسوور







## گەر بێمەوە

گۆڕێکت بۆ هەڵئەبەستم
کێل لە فرمێسک
گڵکۆ لەماچ
پەرژین تەنراو لە وەنەوشەی گیانی فەیمەو
پڕ لەهەڵۆی جەربەزەی تۆ
گوڵدانێک پڕ
لەهەنسکی ڕۆحی باوکم
پەرداخێک پڕ
لەفرمێسکی سووری دایکم
باوەشێنێک بەو زوڵفانەی سپیت کردن
ملوانکەیەک
بەو فرمێسکانەی بۆت ڕژان
کڵاورۆژنەیەک کازێووە
لەمیهرو سۆزی نیشتیمان
پراو پریش لە تریفەی چاوی دایکم
...........

بۆ کاکە ساڵارە بێ گۆرەکەم سالار عەلی حەمەبچکۆل ١٨لەسەر١٩٨٧/٨/١٩لەسپیلک کلکەی پیرەمەگرون گەشمردە بوو ....فەیمە دایکمە ،/ڕزگارەسوور





# کتێبی ئایدۆلۆژیست

## ڕانان: سیروان حەمەڕەشید

یەکێک لەو چەمک و بابەتانەی گرنگی دونیای ئەمڕۆمان کە لەنێوەندی فەلسەفە و فیکر و سیاسەتدا زۆر مشتومڕ و گفتوگۆی دروست کردوە چەمکی ئایدۆلۆژیا و ئایدۆلۆژیستە، بۆیە گرنگە جڤاتی کوردی زۆر بەئاگاییانە و مەعریفەی هەم لەسەر خودی ئایدۆلۆژیا و هەم لەسەر خودی ئایدۆلۆژیست هەبێت و ئەویش لەرێگەی خوێندنەوەی تێکێستەکانی نێو ئەم کتێبە، کە زۆر بابەتیانە و عەقڵانی و زانستیانە لەسەر بابەتەکە نوسیویەتی و قسەی لەسەر کردوە..

کتێبی ئایدۆلۆژیست لەنوسینی بەختیار عەلی بەیەکێک لەو سەرچاوە و تێکستە گرنگ و پڕ لەمەعریفی دەژمێرێت کە لەسەر ئایدۆلۆژیست نوسراوە . شیاوی خوێندنەوەی و قسەلەسەرکردنی زیاترە. لەوتاری یەکەمدا نوسەر" دەڵێت: وشەی ئایدۆلۆژیا لەخۆرهەڵات، بەپێچەوانەی خۆرئاواوە کارێکی زۆر کەمی لەسەر کراوە(( عبدللە العروی)) بەهەق لەسەرەتای کتێبەکەیدا دەڵێت: وشەی ئایدۆلۆژیا لەهەمو زمانە زیندووەکاندا وشەیەکی نامۆیە"

لەبۆچوونیکی تردا لەسەر ئایدۆلۆژیای خۆرئاوا نوسەر " دەڵێت: ئایدۆلۆژیا لەخۆرئاوا لەهەناوی بیرکردنەوەوە دێت، بەڵام ئەوەی کەجەوهەری تێیدا، بیرکردنەوەی هەڵەیە، بیرکردنەوەیەکیشە خاوەنەکەی نازانێت لەکوێوە هاتووە، ئاگاداری ئەوە نییە کە کۆمەڵێک قازانج و خواستی ئابووری و چینایەتی لەپشتێتی ئایدۆڵۆژیستیە و ئەوروپی کەسێکە بیر دەکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا نازانێت وا بیر دەکاتەوە ، هۆکاری بیرکردنەوەی خۆی لەلا ونە"

نوسەر لەسەر ئایدۆلۆژیا دەگەرێتەوە بۆ تێگەیشتنی فەیلەسوف سلاڤۆ ژیژیک .. "دەڵێت: گرنگی تێگەیشتنی ئێمە لەئایدۆلۆژیا لەو وێنەی پاککردۆتەوە کە ئایدۆلۆژیا تەنیا بەفەلسەفە و حیکایەتە گەورەکانەوە گرێبدەین.

ئایدۆلۆژیا تەنیا هەڵگرتنی بڕوایەکی فەلسەفی دیاریکراو نییە، تەنیا ئەوە نییە کەمرۆڤ مارکسستیانە یاخود ناسیۆنالیستی یان لیبراڵ لەدونیا بڕوانێت، بەڵکو ئایدۆلۆژیا سیستمی شاردنەوەی ئەو پەیام و کۆدە ڕاستەقینانەیە کە لەپشت دیاردە و دەرکەوتەکانەوە دەوەستن و وامان لێدەکەن بەجۆرێکی تایبەت ڕەفتار بکەن."

لەوتاری بەریەککەوتن، درزێک لەموتڵەقدا

لەم وتارە باس لە ئایدۆلۆژیستی خۆرهەڵاتی دەکات پێیوایە قسەکردن لەئایدۆلۆژیستی خۆرهەڵاتی بەلابردن و دوورخستنەوەی ئایدۆلۆژیستی خۆر ئاوایی ، چونکە پێیوایە ئایدۆلۆژیستی خۆرئاوای و هیچ پەیوەندییەکی بەئایدۆلۆژیستی خۆرهەڵاتییەوە نییە "دەڵێت: کەقسە لەسەرئایدۆلۆژیستی خۆرهەڵاتی دەکەین دەبێت وێنەی ئایدۆلۆژیستس خۆرئاوایی کەمێک لەپێش چاوی خۆمان دووربخەینەوە، نەلەبەر ئەوەی ئەم دوو بوونەوەرە خاڵی هاوبەشیان نییە، بەڵکو بۆ ئەوەی وێنەی ئەم فیگەرە خۆرهەڵاتییە لەدۆخی بەراورد و لەفۆرمی هێڵکاریدا بەمۆدێلێکی" پێشتر" دروست نەکەینەوە.

سوبێکتی ئایدۆلۆژیایی لەخۆرهەڵات سوبێکتێکی جیاوازی سەردەم و ژینگەیەکی شارستانی جیاوازە، سوبێکتی ئایدۆلۆژیستی خۆرهەڵاتی لەهەهەلومەرجێکی فیکری و مەعریفی و سیاسی تێیدا لەدایکدەبێت، کەتا ئەندازەیەکی زۆر جیاوازە لەو هەلومەرجەی کێشەی ئایدۆلۆژیا و لێدوان لەسەر ئایدۆلۆژیا لەخۆرئاوا گەشەی تێدا دەکات."

لەکۆتای پەرەگرافی ئەم وتارەدا نوسەر ئاماژە بۆ بکەری ئایدۆلۆژیا دەکات و " دەڵێت: دەبێت خوێنەر گەر بەجۆرێکی سەرەتایش بێت بەهەندێک چەمک وێناکردن ئاشنا بێت. بۆ نمونە ئەستەمە لەوەزیفە و مانای بوونی ئایدۆلۆژیست تێبگەین گەر نەزانین چۆن هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو درزە دەدرێت کەلەنێوان مرۆڤ و خودادا دروستبووە، گەر نەزانین جیاوازییە قوڵەکانی نێوان ڕزگاریی و ڕزگارکەر چییە؟"

لەوتاری نیگایەک لەو پێشمەرجانەی زەمینەیان بۆ دەرکەوتنی ئایدۆلۆژیست سازکرد، خودا

لەناوکۆییەکی دیکەدا.

لەم وتارە بەختیار عەلی لەسەر هێز و دەسەڵاتی ڕەها و بێ سنووری خودا قسە دەکات، بەتایبەت لەڕوانگە و دیدی ئایدۆلۆژیستی خۆرهەڵاتی و ئیسلامییەوە... " دەڵێت: لەرینەوەی عەرشی ئاسمان لەسەرەتاکانی سەدەی بیستدا، گومانێکی قووڵ دروستدەکات.

ئەو ساتەی کەخۆرهەڵات تێدا پێویستی بەخودایە بەرامبەر خۆرئاوا، بەڵام ئاسمان هیچ کۆمەکێک بەموسڵمان ناکات" هەروەها ئەرگۆمێنت و دیدگای نیتشەیی سەبارەت بەمەرگی خودا، بانگەوازێکی خۆرئاواییە، واتە گەر لەڕووی کەلتوورییەوە بۆ خۆرئاوا دروستیش بێت، ئەوا مەرگێکی گەردوونی نییە، مەرگێک نییە لەهەموو جێگایەک ڕوویدا بێت یان بەیەک شێوە ڕوویدا بێت"

ئایدۆلۆژیست کێییە و لەکوێوە دێت؟

لێرەدا نوسەر هێما بۆ ڕۆڵی نەرێنی ئایدۆلۆژیست دەدات پێیوایە ئایدۆلۆژیست جیهان لەنێوان ڕەش و سپیدا دابەش دەکات "دەڵێت: ئایدۆلۆژیست هێشتا لەوەزیفەی خۆیان تێنەگەیشتوون، ئیشی دیاریکردنی دۆست و دوژمنە، ئیشی خوڵقاندن و تاشینی ئەو بارە سایکۆلۆژییە پێویستانەیە کەدەبێت کۆمەڵگا وەریانبگرێت... وەک باری ترس، نائومێدی، حەماسەت، هیوا.... هتد، لەڕاستیدا تێگەیشتن لەمێژووی خۆرهەڵات بەبێ تێگەیشتن لەم بکەرە تازەیە کاری نەکردەیە"

پڕەنسیپی مانەوە دژ بەپڕەنسیپی ڕۆشنگەریی

نوسەر لەم وتارەیدا پێیوایە پڕەنسپی مانەوە کە خۆی لە دۆگما و تەقلیدگەرایدا دەبینێتەوە دژە بەپڕەنسیپەکانی ڕۆشنگەریی و "دەڵێت: لەسادەترین دەرئەنجامەکانی بیرکردنەوەی ڕۆشنگەر پێماندەڵێت: کەکۆمەڵگا بەبێ دەستکاریکردنی شوێنی دین، بەبێ دەستکاریکردنی ڕوانین بۆ پرۆسەی خەڵق بەبێ دەستکاریکردنی شوێنی مرۆڤ و مانای مرۆڤ لەجیهاندا، بەبێ دەستکاریکردنی مۆڕاڵ و ئەخلاقی باو، بەبێ بوونی ڕوانینێکی تر بۆ سیکسواڵییەت، بەبی ڕوانینێکی نوێ بۆ پەیوەندی چینەکان و نەتەوەکان، بە بێ گومان لەهەموو ئەوشتانەی بەناهەق ناوی زانستیان لەخۆیان ناوە ناکەوێتە گەڕ"

لەوتاری ئایدۆلۆژیست: دەنگێک و نیگایەک بەبێ جەستە لەسەر نیگای کورد وخۆرهەڵاتی دەدوێت " دەڵێت: لەو ساتەدا کەئێمەی کورد یان ئێمەی خۆرهەڵاتی کەبەگشتی دەکەوینە ناو کایەی نیگاوە، لەو ساتەدا ئەو هەستەش دروستدەبێت کەئەوەی سەیرمان دەکات، تەنیا نیگای دوژمن نییە، بەڵکو نیگایەکی تریشە لای فایەق بێکەس ئەو چاوە تازەیە بەڕوونی هەستی پێدەکرێت و ناو دەنرێت چاوی وە

تەن ، بەڵام چاوی وەتەن چییە؟ ئایا ئەوە وەتەن خۆیەتی کەدەڵێت(من چاوم لێتانە؟) یان ئەو تەنیا خەیاڵێکی سوبێکتە کە کەوتۆتە ژێر نیگایەکی زۆرەوە"

نوسەر لەوتاری ئایدۆلۆژیا- نەست- خۆرئاوا... بەرەو خوێندنەوەیەکی دەروونناسی بۆ هۆکارەکانی بیرنەکردنەوە.


بەختیار عەلی پێیوایە بۆشایەکی مەعریفی لە نێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا تێکڕا پێکەوە هاندەربن بۆ لەدایکبوونی بیرکردنەوە. لێرەدا وشەی بیرکردنەوە بەو مانایە بەکارناهێنم کەدەبوو دەمودەست دەیان وسەدان کتێبی زانستی و گرنگ بنوسرێن، یان بڵێم دەبوو دەمودەست فەلسەفە گەش بکات، دەمودەست عەقڵییەتی زانستی جێگای عەقڵییەتی سادە و ڕووگەشبین و خورافی بگرێتەوە.... بەو مانایەی کەدەبوو سەرەتاکانی(( ئارزووی بیرکردنەوە)) و (( ئیرادەی بیرکردنەوە)) دەربکەوێت، سەرەتاکانی پرسیارکردن و گەڕان بۆ وەڵام دەربکەوێت"

ئایدۆلۆژیست و زمان

لەم بەشەدا نوسەر : دەڵێت: لێرەدا یەکخستنی زمان، یەکخستنی ڕێنوس، یەکخستنی زاراوە وەک کۆمەڵێک سمبتۆمی ئایدۆلۆژیی دەبن بەکۆمەڵێک وشەگەلی سیحراوی کەعەقڵی ناسیۆنالیستی وەک بەرزترین ئامانجی مەعریفی سەیریاندەکات ، ئایدۆلۆژیست بۆ ئەوەی خۆی لەناوەڕۆکی فیکری هەموو نوسینێک بدزێتەوە بۆ ئەوەی سوبێکتی بیرکەرەوە بخاتە کەنارەوە، جۆرە پەیوەندییەکی هیستریی بەزمانەوە دروست بکات، فۆرمێکی ڕچێین و بەستوو بەزمان دەبەخشێت کەلەڕێگەیەوە دژایەتی سروشتی زمان خوی و هەموو داهێنانێکی پێدەکات".

لەسەر گواستنەوەی بانگەشت لە شیعرەوە بۆ سیاسەت ترساو ، سوبێکتی ئامادە ، سوبێکتی پڕ هیوا نوسەر پێیوایە" لەگەڵ گواستنەوەی پرۆسەی ئایدۆلۆژییدا بۆ قۆناغی دروستکردنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، لەگەڵ بنچ بەستبوونی دەوڵەتە خۆرهەڵاتییە تازەکان و سەرهەڵدانی شۆڕش و خەباتی چەکدار و پێکدادانی سەربازیی لەنێوان پارت و نەتەوە و دینەکاندا، ئیتر بەس نییە ئایدلۆژیست بڵێیت بخوێنن و خۆتان و ڕەنجبدەن ، دەبێت هەنگاوێک زیاتر بڕوات و شوناس بداتە گروپ مێژوووی بۆ دروستبکات، دۆست و دوژمنی بۆ دیارییبکات، کەسایەتی<<سەرۆک، ڕزگارکەر>> بەرز بنرخێنێت و ئەفسانەی لێ دروستبکات".

لە کۆتا وتار و بەشی ئەم کتێبەدا نوسەر نوسەر لەسەر ئایدۆلۆژیا و دامامکسازی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر و ئایدۆلۆژیست دەنوسێت" دەڵێت: گرنگە جارێکی بیر لەوشەی ڕۆشنبیر بکەینەوە، ئایا ڕۆشنبیر لەکوێی ئایدۆلۆژیستدا دەوەستێت...؟ ئاخۆ هەر خودی ئایدۆلۆژیست نییە کە لەژێر ناوێکی تردا دەردەکەوێت؟ یان ئەگەر ئومێدێکمان هەبێت لە ئایدۆلۆژیستەکەی ناومان دەربازبین، ئەوا ڕێگای ڕۆشنبیرەوەیە؟ ئەم پرسیارانە چەند سادە دەردەکەون، بەڵام لەناواخندا ئاڵۆزن، لەساڵانی کۆتایی هەفتەکانەوە کەمن هێشتا هەرزەکارێک بووم و کەم کەم لەدونیا کتێب نزیک دەبوومەوە، تا ئەمڕۆ، ڕستەیەک بەبەردەوامی گوێم لێ بووە و گوتەبێژانی تووتیانە دیڵێتەوە ئەو ڕاستەیە کەدەڵێت: □ئێمە ڕۆشنبیرمان نییە□ لۆژیکی زۆرینەی ئەوانەی کە ئەو قسەیە دەکەن جیاوازییەکی ئەتۆی نییە لەگەڵ لۆژیکی کەسێکدا کە دەڵێت:□ نەوتمان نییە□ □شەکرمان نییە□ □ گازمان نییە □... هتد وەک ئەوەی ڕۆشنبیر شتێک بێت ببینرێت و بگیرێت و دەستنیشانبکرێت فۆرمێکی نەگۆڕ و کۆنکرێتی هەبێت." لەکۆتای شرۆڤەکاری کتێبی ئایدۆلۆژیست ئەوەی ماوە بڵێین بابەتگەلی جۆراجۆری مەعریفی و فیکری لەخۆدەگرێت، بۆیە بۆخوێنەری کورد گرنگە لەزیاد جارێک کتێبی، ئایدۆلۆژیست بخوێنێتەوە- لەنوسینی بەختیار عەلی- لەناوەندی ڕۆشنیری ڕەهەند دووجار چاپکراوە..




## ژینا کەنیشکێ بوو بێ لەچك بەڵام پرچی بۆ کردین بە ئاڵا

هەڵۆ کوڕی شاعیری نەمر و گەورەی گەلەکەمان شێرکۆ بێکەس بۆ ژینا ئەمینی دەنوسێت :

# ژینا ئەمینی

لە ڕۆژێکی بە ڕۆژمێری وەك ئەمڕۆ و بەڵام چاوتەڕ بۆ مێژوو...
ژینا کەنیشکێ بوو بێ لەچك بەڵام پرچی بۆ کردین بە ئاڵا
لە سەربانی هەموو ماڵێکی سەقز مۆمی خۆشەویستیان بۆ دائەگیرسان لەوێ!
ئێستا هەموو وڵاتم لەوێ وەکو شیعر سەرتاپای ڕەش و کتێب بۆینباخی ڕەش و مۆسیقا پرسەیەتی لەوێ!
ژینا ئەمینی نەیویست لەچك کفنی سەروملی بێت
نەهێشت لەچك خۆرەتاو دەرکات و لەچك وەك گۆڕێکی قوماش
سەروملی تێدا بنێژێت!
لە تاران بادەی خەیام کفری سوورە و لە ژێر لەچك و لە ژێر ترس و لە ناو مانتۆی تەمدا خۆی ئەشارێتەوە لەوێ!
ئێستا لەوێ چاو نییە بۆ بینین و ئاسمان نییە بۆ فڕین و ڕەنگەکان نیین بۆ جیاوازیی، تەنها و تەنها لە ڕەنگی قەترانیی!

خوێنی ژینا وەکو خوێنی دارهەنارەکانی هەورامان سوور و ئێسك سووکە و لەبەردەمی چرای هەڵکراوی سەر بەفری سەقزدا ئەوەستێ و چاوەڕوانە و گوڵاوپرژێنی بە دەستەوە هەتا یەك یەك لەم گوڵاوەی نەمریەیان بەسەردا بپرژێنێ...
هەموو ساڵێك لە یادی نەمریی تۆدا هەموو شیعرە جوانەکانمان
هەموو سرودە بەرزەکانمان، خۆیان بە ڕایەڵی تریفەی مانگدا هەڵئەواسن و هەموو زەنگۆڵەکانی گەردنی ئەم مێژووە ڕائەوەشێنن و زرنگە زرنگی وشە ئەیکا بە شەوی زرنگانەوەی ڕووناکیی و بە ڕەنگدانی بۆن و گوڵدانی دەنگی ژینا لەوێ!

لە ڕۆژێکی بە ڕۆژمێری وەك ئەمڕۆ و بەڵام دڵشکاو بۆ مێژوو...
لەم غەدرەدا...کچێك لە گوڵی دارهەنار باوەشی کرد بە مێژوودا...
بەفر و خوێنی لەگەڵ یەکدا موتوربە کرد لە تاران!
لە دواییدا درەختی دارهەناری هاتە ژینەوە
شەختەی سەقز ناوی لێنا درەختەکەی
شەهید ژینا کوردستانی هەمووان!ۆ



# ئاوڕدانەوەیەك لە پرۆسەی پەروەردە

## ڕەووف محەمەد ئالانی

لەئێستادا پرۆسەی پەروەردە، لەم هەرێمەی لەمەڕ خۆمان، ئەو سێکتەرەیە کە وەك لایەنێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵگە، نەك هەر نەخراوەتە سەر نەخشە ی ئاراستە کردنێکی زانستی و هاوچەرخ، بەڵکو پەراوێزخستن و مامەڵە کردن بە شێوازی نادروست خەریکە، بەرو تونێلێکی تاریکی دەبات، لەو تاریکستانەشدا جگە لە وون بوون و بزرکردنی ڕێگە ڕاستەکەو ئاکامی خراپ، بۆ کۆمەڵگە هیچی تر بەدیناکرێت.

ئەوەی من پێی گەیشتووم، لەئەنجامی خوێندنەوەو کارکردنم بەپڕاکتیکی لە ناو پرۆسەی پەروەردەدا، هەست ئەکەم ئەوەی پێویست و گرنگە بۆ ئەم بوارە ، هەنگاوەکان وەك پێویست نەنراون ، تەنانەت ڕێگریەکان لە هەوڵەکان زۆرترو کاریگەرترن، لەم کاتەدا کە سەرەتای دەسپێکردنی پرۆسەی خوێندنە ، دەبوایە، لایەنە پەیوەندیدارو بەرپرسەکانی بواری پەروەردە، بەرنامەو هە نگاوی لەپێشینە بنێن، یان ئەو کەموکورتیانەی لە ساڵانی پێشوودا، بینراون و کاریگەری خراپیان لەسەر پرۆسەکە، هەبووە، بەشێکیان چارەسەر بکرانایە ، بەڵام بە نیگەرانیەکی زۆرەوە، جیاوازی چینایەتی لەناو پرۆسەکەدا، دیارە و بەزەقی بەدیدەکرێت، مناڵی هەژار کوا وەك مناڵانی خوا پێداو، ئەتوانن ئە وەی ئەیانەوێ بۆیان بکرێت؟ هەر لە دابینکردنی پێداویستی خوێندن و جل و بەرگ، مەلزەمەو کڕینی ئەو کتێبانەی کەمن و بەشی ژمارەی قوتابیان ناکات، تا دەگاتە بەکرێگرتنی مامۆستای تایبەت، بۆئەو وانانەی پێویستیان پێیەتی، ئیتر وەزارەتێك نەتوانێ ئەمانە چارەسەر بکات، چۆن بڕوا بەخۆمان و ئەوانیتر بێنین، کە سەرکەوتن، تاکە ئومێدی هەمووانە؟

(ڕۆبێرت مۆگابی) لەو بارەوە دەڵێت: (ئێمە ناتوانین، بڕوابە نەوەی نوێ بێنین، کە پەروەردە کلیلی سەرکەوتنە، تا ئەو کاتەی بەدەرچووی هەژارو دزی دەوڵە مەند دەورە درابین).

هەموو ئەوانەی خەمێکی گەورە، داگیری کردوون، مەبەست و مەرامی کەسی و خواستی تایبەتیان نیە، ئەوەندەی ئامانجیانە کۆمەڵگە لەو بۆتە خراپەی بۆی دانراوە، بێتە دەرەوە و بگۆڕدرێت، بۆ باشتر، واتە گۆڕانکاری لە پەروەردە وە بکرێتە کەلتورو ڕەنگبداتەوە، لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵ، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ئامانجە وتەیەکی ( ئیبراهیم ئەلبولاحی) دەهێنمەوە، کە دەڵێت: (گشتاندنی پەروەردە، کاریگەر نابێت، تاگۆڕانکارییەکی کەلتووری ڕیشەیی، بەدەست نەهێنرێت، کە بەهۆیەوە، سیستەمی بەهاکان، دەستکاری بکرێت و بەرژەوەندیەکانی خەڵك بگۆڕێت).

لەکاتێکدا، حکومەت نەیتوانیوە، بە بەرنامەو پلانی زانستی کار بۆ ئایندەیەکی روون و گەشی بواری پەروەردە بکات، بەڵام ساڵانە، چەند بڕیارێك و فەرمانێك دەردەکات، بۆ گشتاندن و جێبەجێکردنی لەناو پەروەردەکان و قوتابخانەو خوێندنگەکان، بێ ئەوەی لایەنە باش و خراپەکان شەن و کەو کرابن، وەك ئە وە وایە، بیانەوێ، بە مامۆستایان بڵێن، ئاگامان لە پرۆسەکەیە.

من وەك ئەوەی لەنزیکەوە چاودێری پرۆسەی پەروەردە بەگشتی دەکەم، ئەم خاڵانە بەهەنگاوێك دەبینم، بۆچارەسەرکردن و ئاوڕی خێرا، تا کەمێك لەو گرفتانە نەمێنن و تا ڕادەیەك ئارامی بخرێتە ناو پرۆسەکەوە، ئەوانیش ئەمانە ن:

١- سەبارەت بە کاتی وانەکان، بۆ ئەم هەلومەرجە خراپەی جۆری بینای قوتابخانە، کە هەرفۆرمە کۆنەکەیە، واتە ژووری زۆربەی پۆلی خوێندن، یان گونجاو نین، یان ژمارەی قوتابی زۆری تێدایە، وانەکان بکرێنە (٣٥)خولەک

٢- واباشە پشووی نێوان وانەکان، لە (٥بۆ ١٠) خولەک تێنەپەڕێت، چونکە لەزۆربەی قوتابخانەکان، هیچ هۆکارێک نیە، مناڵان دڵخۆش بکات، لە گۆڕەپانی باش و باخچە و شوێنی یاری و خواردنی دروست

٣- ئەگەر وانەکان (٣٥) خولەک بن، وانەی شەشەمیش بخوێنرێت ئاساییە

٤- پێویستە بە بڕیار داواله کارگێڕی قوتابخانەوخوێندنگەکان بکرێت، وانەکان وا ڕێکبخرێن، کاریگەری خراپ لەسەر دەروونی مناڵ دروست نەکەن، بە نمونە، با وانەکانی وەرزش یان هونەرو موزیک، بخرێنە ناوەندی وانەکان تاووزەو حەزو چالاکی و ئارەزووی زیاتر بدرێتە مناڵان، نەک بخرێنە وانەی یەکەم و کۆتایی

٥- پێویستە هەموو مامۆستاکان لەبوارو پسپۆڕی خۆیان خولیان بۆ بکرێتەوەو ئاگاداری نوێبوونەوەی زانست و زانیاری بن



٦- ئەوانەی وانەی خولەکان دەڵێنەوە، ناکرێ هەر وەک جاران چەند کەسێکبن، کە ئاستی زانستیان بەرز نەبێت، با کەسانێک بن قاڵبووی پروسەکە بن و ئەوانیش ڕاهێنرابن، لە ئاستی باڵادا

٧- چاوبخشێنرێتەوە بە گۆڕانکاری پڕۆگرامەکانی خوێندن، بە چەند لیژنەیەکی شارەزاو پسپۆڕ بسپێرێن، نەک تەنها قۆرخ بکرێن، بۆ ئەوانەی مەبەست بن

٨- پڕۆژەی پریتش کانسڵ پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، خاڵە لاوازو نەگونجاوەکانی بۆ هەرێم، لاببرین، ڕاستە ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی ١٩٣٤ لە بەریتانیا دامەزرا، بەڵام ژینگەی ئێرەو ئەوێ جیاوازن

٩- با بە فەرمانێکی وەزارەتی پەروەردە، هەموو قوتابخانەو خوێندنگەکان هەڵبژاردن، بۆ باشترین و لێهاتووترین کادری پەروەردەیی بکەن و بەدەنگی زۆرینە، بەڕێوەبەر، بۆ کاتێکی دیاریکراو هەڵبژێردرێت، نەک تا مردن هەر خۆی بێت

١٠- یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی بگۆڕدرێ، بۆ باشترین پڕۆژەی ساڵانە لەبواری پەروەردە، نەک بچێتە قوتابخانە بۆ بینینی وانەی مامۆستا کەئەوە ئیشی پەو نیە

١١- لیژنەکانی قوتابخانە کارا بکرێن و کاری تەواویان پێبدرێ و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ، تا لەو ڕێگەیەوە،قوتابخانەکان ئاستیان گەشە بکات، کە کاری هەماهەنگیە

١٢- میلاکاتی قوتابخانەکان ڕێکبخرێنەوە، بەگوێرەی پێویست مامۆستا بۆ ئەو شوێنانە دابنرێت، کە پێویستە، نەک وەرەقەی ئەمو ئەو

١٣- تەرخانکردنی بودجەیەکی باش بۆ هەرقوتابخانەو خوێندنگەیەک کە بەلیژنەو بەپێی پێویستی خەرج بکرێت

١٤- ئەوەی ئێستا لەناو قوتابخانەکاندا دەکرێت، لە هەڵسەنگاندنی خودو قوتابی و کەسوکاریان، شڵەژاوی پێوەدیارە ئامانج بەدیناهێنێت لابردنی باشترە

بەهیوام لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان، کار لەسەر ئەم خاڵانە بکەن و بیکەنە کاری لەپێشینەی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، بۆ ئەمساڵی خوێندن.

# خێزانی "ژینا ئەمینی" هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکرێت

خێزانی ژینا ئەمینی، ئەو کچە تەمەن 22 ساڵەی کوردە کە سێ هەفتە لەمەوبەر لەکاتی دەستبەسەریدا لەلایەن پۆلیسی گەشتی ئیرشادەوە گیانی لەدەست داو بەدوای ئەوەشدا شۆڕش و ناڕەزایی سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە، دەڵێن "هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوەو هۆشدارییان دراوەتێ کە بەشداری خۆپیشاندانەکان نەکەن".

ژینا دوای دەستگیرکردنی لەلایەن پۆلیسی گەشتی ئیرشادەوە بوو بەڕەمزی سە رکوتکردنی ژنانی ئێران، کە تۆمەتباریان کرد بەوەی حیجابەکەی توند نەکردوە، ئێستا سیمای ئەوو چیرۆکە خەمبارەکەی بوە بەئایکۆن لەهەموو جیهانداو ناسراوە.

عیرفان مورتەزایی، ئامۆزای ژینا، کە پێشمەرگەی کۆمەڵەیە، بەپەیامنێری بی بی سی ڕاگەیاندوە کە "بنەماڵەکەمان لەژێر گوشاری توندی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدایە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و میدیاکانی دەرەوەدا نەکەن بۆ ئەوەی دەربارەی گیان لەدەستدانی ژینا هیچ زانیارییەکیان نەدەینێ".

بنەماڵەی ژینا ئەمینی لەئێران، لەنێویاندا باوک و مامی، چەندین جار ئەوەیان ڕەتکردوەتەوە پشتیوانی لەگروپە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆن بکەن، کە حکومەتی ئێران بەجوداخوازیی تۆمەتباریان دەکات.

عیرفان مورتەزایی، ئەندامی کۆمەڵە دەڵێت "لەڕێگەی تەلەفۆنەوە هەڕەشەی کوشتنم لێدەکرێت".

ژینا ناوە کوردییەکەی "مەهسا"یە کە ناوە فەرمییەکەی ئێرانە، دایک و باوکی ناچار بوون لەبەڵگەنامەی لەدایکبوون و بەڵگەنامەکانیدا بەکاریبهێنن، چونکە هەندێک ناوی کوردی لە ئێران قەدەغەیە.

عیرفان جەخت لەوە دەکاتەوە "ژینا کەسێکی ئاسایی بووە، سیاسی نەبوە". ڕژێم سیناریۆ و زانیاری ناڕاست دەخاتە ڕووو دەڵێ ژینا لەپەیوەندیدا بووە لەگەڵ من و منیش ڕاهێنانم پێکردو ناردم بۆ ئێران بۆ ئەوەی چالاکیەکی دیاریکراو ئەنجام بدات، لە کاتێکدا هەموو ئەمانە بە تەواوی بێ بنەمان".

عیرفان دەڵێت "کەسوکاری ژینا لەژێر ئەشکەنجەی کۆماری ئیسلامیدان". کاربەدەستانی ڕژێم لەڕێگەی ئینستاگرامەوە بەئەکاونتی ساختە هەڕەشەیان لێکردون و بەئەندامانی بنەماڵەی ئێرانیان ڕاگەیاندووە کە ئەگەر بەشداری ناڕەزایەتییەکان بکەن لەوانەیە بکوژرێن.

دەشڵێت "من بۆخۆم لەڕێگەی تەلەفۆنەوە هەڕەشەی زۆرم لێکراوە کە ئەگەر لەسلێمانی ببینن، دەمرفێنن و دەمکوژن".

بنەماڵەی ژینا ئەمینی پۆلیسی ئیرشاد تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە لەدەستبەسەریدا لێیانداوە، بەڵام پۆلیس دەڵێت "مەهسا توشی جەڵتەی دڵ بووەو گیانی لەدەستد داوە"

**بەسوپاسەوە لە ئاوێنە وەرگیراوە**




# دراوی ٢٠ کرۆنی سویدی

ئەو وێنەیەی سەردراوی ٢٠ کرۆنی سویدی ولەڕوویەکی دراوەکە وێنەی خانمێکی نوسەری سویدیە بەناوی سلیمی لیکرۆف کەساڵی ١٩٠٩خەڵاتی نۆبڵی ئادابی بەدە ستهێناوە.
ڕووی دوەمی دراوەکە زانیاریەکی سەرنج ڕاکێش دە خاتە ڕوو ئەویش فلیمی کارتۆنی نێلز، ئەو منداڵەی کە کورتە باڵایەک لەقەبارەی سروشتی خۆی بچوکتری کردەوە
ئەوەش وەک سزایەک لەپای ئازاردانی ئاژەڵان دا بەهۆی قەبارەبچوکیەوە وایلێهات سواری قازێکی ماڵی دەبوو بەناوی مۆرتۆن بەرەو باکور لەوەرزی هاوین وبەرە وباشور لەوەرزی زستان وبەسەر زۆرێک تۆپۆگرافی جیاوازدا گەشتی کرد...
چیرۆکی نێڵز بەڕێکەوت نەنوسرا بەڵکو ئامانجێکی قوڵی هەبوو ئەویش هۆکاری بێتاقەتی وبێزاری خوێندکارە سویدیەکان بوو لەوانەی جوگرافیا دوای لێکۆلینەوەو بنکۆلیەکی وەزارەتی پەروەردەی سویدی بۆی دەرکەوت وشکی کتێبی جوگرافیەی بڕیار لێدراو بوو کە خوێندکارانی بێزارکردبوو نەتێی دەگەیشتن بۆیە داوا لەنوسەر سلیمی کرد کە کتێبێکی جوگرافیای نوێ بنوسێت وسەرنج ڕاکێش و ئاسان بۆتێگەیشتن بێت ...
دوای ٦ ساڵ لەکارکردن لەوبوارەو هەموو بەهەموو خاکی سوید دا گەڕاو گەشتی کرد وکتێبی نێڵز هۆلکر سونس وگەشتی بەسوید دا نوسی ساڵی ١٩٠٦ ئەو کتێبە گەورەکان پێش منالان بەزۆری دەخوێندرایەوە وئەوەش وایکرد خوێندکارانی سویدی لەجوگرافیای وڵاتەکەیان بگەن ووەرگێڕدرا بۆ ١٢ زمان ودواتریش وەک زنجیرەیەکی کارتۆنی نمایش کرا...

**عوسمان عومەر**






# نوام چۆمسکی: کوشتنی مەهسا یەکێکە لەتاوانە بێ ئەژمارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران

نوام چۆمسکی زمانناسو فەیلەسوفی ناوداری ئەمریکی سەبارەت بەسەرکوتکردنی "دڕندانە"ی خۆپیشاندەران لەئێران، گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوەو کوژرانی مەهسا ئەمینی لەدەستبەسەریی پۆلیسدا بە"کوشتن" ناوبردو وەک "یەکێک لەتاوانە بێ ئەژمارەکان"ی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاماژەی پێکرد.

چۆمسکی لەم گرتە ڤیدیۆییەدا کە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کراوەتەوە، سەرەتا باسی لەوە کردوە خەڵکی ئێران لەدەیەکانی ڕابردودا بەهۆی "سەرکوتی دڕندانەی ناوخۆیی‌و توندوتیژیی دەرەکییەوە ئازاریان چەشتووە لە سەرانسەری ئێراندا، ئەم دۆخە کاریگەریی جددی لەسەر ناوچە کوردستانییەکان بەتایبەتی هەبوە".

پاشان چۆمسکی ئاماژە بەوە دەکات کە لەم ساڵانەدا "ڕژێمی ئێران" بە پەنابردن بۆ "تۆقاندنی" ئۆپۆزسیۆن هەوڵی داوە سەرکوتەکان چڕتر بکاتەوە، بەڵام "دەستگیرکردنی مەهسا ئەمینی لەلایەن پۆلیسی ئاسایشی ئاکارو کوشتنی لەکاتێکدا کە لەلایەن کاربەدەستانەوە دەستگیر کراوەو لەبنکەی پۆلیسدایە، جارێکی دیکە بوە هۆی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان لەسەرتاسەری ئێراندا.

لە کۆتاییدا ئەم بیرمەندو نوسەرە چالاکو سیاسییە ناودارە کە تەمەنی ٩٣ ساڵە، بەئاماژەدان بە کوژرانی خۆپیشاندەران لەخۆپیشاندانەکانی ئێستاو بریندار کردنی ژمارەیەکی زۆر لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، دەڵێت "خەڵکی ئێران شایەنی ئەوەن لەسایەی ئازادی‌و دادپەروەریدا بژین".

لەماوەی هەفتەی ڕابردودا، گیان لەدەستدانی مەهسا (ژینا) ئەمینی، هکچە کوردی سەقزی تەمەن ٢٢ ساڵ، لەبنکەی پۆلیسی ئاسایشی ئاکار لەشەقامی ڤیزارەیی تاران پاش دەستبەسەرکرانی لەلایەن دەوریەی ڕێنمایی، شەپۆلێکی ناڕەزایی جەماوەری لەئێراندا بەدوای خۆیدا هێناو کاردانەوەی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە.

شارە جۆربەجۆرەکانی ئێران ناڕەزایەتی بەرفراوانیان بەخۆوە بینی کە تێیدا ژنان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیەو بەسوتاندنی حجابەکانیان تورەیی‌و ناڕەزایی خۆیان لەدژی یاسای ئیجباری حیجاب دەربڕی.

**بە سوپاسەوە لە ئاوێنە وەرگیراوە**



# ئیمارات دەچێتە سەر مانگ

**شارپرێس:**

ناوەندی بۆشاییگەری "محەمەد بن ڕاشید"ی ئیمارای ڕایگەیاند، تیمێک لەپسپۆڕان ئەو وڵاتە زنجیرەیەک تاقیکردنەوەیان لەسەر گەڕۆکی "ڕاشید" ئەنجامداوەو لەئەنجامدا بۆیان دەرکەوتوە کە ڕۆڤەرە گەڕۆکەکە ئامادەیە بۆ سەر مانگ ڕەوانە بکرێت.

وتەبێژی ناوەندە ئیمارەتییەکە ئاماژەی بەوەکردوە، نمونەی بۆشایی ئاسمانیی ڕۆڤەری "ڕەشید" بەسەرکەوتویی لەتاقیکردنەوەکانی کاریگەریی هۆکارە دەرەکییەکان دەرچوە، لەوانە هۆکارەکانی پلەی گەرمی‌و فشارو توانای بەرگەگرتنی شۆکو لەرزین، بەو جۆرە ڕۆڤەکەرە ئامادەیە گەشتی سەر مانگ ئەنجامبدات.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی (زە ناشناڵ)ی ئیماراتی، ئەو سەکۆی نیشتنەوە کە ڕۆڤەری 10 کیلۆگرامی دەگەیەنێتەسەر مانگ، بەمنزیکانە دەنێردرێت بۆ کیپ کاناڤێرال لەویلایەتی فلۆریدا کە لەلایەن کۆمپانیای ئیسپەیسی ژاپۆنی دیزاینی بۆکراوەو چەند بارێکی تایبەتو حکومی دەگەیەنێتە مانگ، لەنێویاندا دوو ڕۆڤەری مانگ، سەکۆکەش لەلایەن موشەکی سپەیس ئێکس فالکۆن 9 هەڵدەدرێت.

پێشتر ئیمارات لەمانگی تەممزی 2020دا گالیسکەی "ئەمەل"ی بۆ مەریخ هەڵدابوو، کە لە9ی شوباتدا گەیشتە خولگەی مەریخ، مەبەست لەم ئەرکەش بریتییبوو لێکۆڵینەوە لەبەرگە هەواو کەشوهەواو وەرزەکانی ساڵی سور.

**و: ئاکۆ ئاڵی**



# ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا چۆن ڕوویدا؟

**کوردپلات:**

سالار محمود

ڕووبەڕووبوونەوەی عێراق و ئینگلیز بە دارو گۆچان و قۆچەقانی

بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیا ئەوەیان تێدا تۆمار کراوە کە ڕۆژی١٣ی شوباتی ١٩٣٠، مارف جیاووك، نوێنەری هەولێر لە پەرلەمانی عێراق، یەك دوو هەوڵی خۆپیشاندەرانەی داوە بۆ وروژاندنی مەسەلەی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران.

ڕۆژی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠، پشکنەری ئینگلیز لە بینای موتەسەریفییەتی سلێمانی لە بینای سەرا، لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی شاری سێمانی لە کۆبوونەوەدا دەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنیان لە نێواندا ئەنجام بدات بۆ دیاریکردنی نوێنەری سلێمانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کاتێك پشکنەری ئینگلیز لەگەڵ ئەواندا لە کۆبوونەوەدا دەبێت خۆپیشاندەران بینای موتەسەریفییەت بەرد باران دەکەن.

بەپێی بەڵگەنامەکانی بەریتانیای تایبەت بە شەڕی بەر دەرکی سەرا، چەند مانگێك بەر لە شەڕی بەر دەرکی سەرا، پرۆژەی پەیمانی نێوان عێراقو بەریتانیا خرابوویە بەرباسو لێکۆڵینەوەو نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق لەسەرەتای ساڵی١٩٣٠وەوە چەند جارێك پرسی دوارۆژی کوردیان وروژاندوە.

بەڵگەنامەکانی بەریتانیا تایبەت بە ڕاپەڕینو شەڕی بەر دەرکی سەرای سلێمانی کە زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەکان لە پشکنەری ئەو کاتەی بەریتانیا لە سلێمانییەوە بۆ مەندوبی سامی بەریتانیاو کار بەدەستانی دیکەی بەریتانیاو بەرپرسانی باڵای ئەوکاتەی حکومەتی عێراقی نێردراوەو مێژوونووس دکتۆر کەمال مەزهەر لە کتێبی " کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا" خستوویەتییە ڕوو.

بەڵگەنامەکانی نهێنییەکانی بەریتانیا ئەوەیان تێدا تۆمار کراوە کە ڕۆژی 13ی شوباتی ١٩٣٠، مارف جیاووك، نوێنەری هەولێر لە پەرلەمانی عێراق، یەك دوو هەوڵی خۆپیشاندەرانەی داوە بۆ وروژاندنی مەسەلەی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانو زۆر بەڕاشکاوی ئەم پرسیارەی کردووە:" ئایا مافەکانی کورد لەم پەیمانە نوێیەدا دەپارێزرێت کە لەگەڵ بەریتانیادا مۆر دەکرێ".



لابردنی تۆفیق وەهبی لە موتەسەریفی سلێمانی هۆیەکی تری تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکان بووەو داواکراوە کە بگەڕێتەوە سەر کارەکەی.

بەڵگەنامەکان ئاماژەی پێدەدەن کە نوێنەرانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەران سکاڵاو یاداشتیان ئاڕاستەی مەندوبی سامی بەریتانیا لە عێراق کردووەو نیگەرانییان لەوە دەربڕیوە کە عەرەب بە چاوێکی نزم تەماشای کورد دەکەنو ئەوان داوایان کردووە کە فەرمانبەرانی عەرەب لەناوچە کورد نشینەکاندا زیاد نەکرێتو هەروەها بێزارییان لەوە دەر بڕیوە کە جۆری خوێندنو پەروەردە هەوڵە بۆ خامۆشکردنی هەستی کوردایەتی.

یاداشتی ناڕەزایی نوێنەرانەی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەوکاتەی عێراق، ئاڕاستەی مەندوبی سامی بەریتانیا کراوەو هاوکاتبووە لە گەڵ مۆرکردنی پەیمانی نێوان بەریتانیاو عێراق.

" ئیسماعیل ڕەواندزی نوێنەری هەولێرو محەمەد جاف نوێنەری کەرکوکو حازم شەمدین ئاغا نوێنەری موسڵو محەمەد ساڵح نوێنەری سلێمانیو مارف جیاووك نوێنەری هەولێر، ئەو پەرلەمانتارە کوردانە بوون کە یاشاداشتەکەیان داوەتە مەندوبی سامی بەریتانیا.

وەکو، دکتۆر کەمال مەزهەر لە بەرگی یەکەمی کتێبی " کوردو کوردستان لە بەڵگە نامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا" بە پشتبەستن بە بەڵگە نامەکانی تایبەت بە شەڕی بەردەرکی سەرا ئاماژەی پێداوە، هەڵوێستی ئەو پەرلەمانتارانە وەك پووشی بن کا، گڕی بەرداوەتە ڕقی پەنگخواردووی ناو ناخی دەروونی کوردی باشوورو لە پاش هەڵوێستو یاداشتەکەی ئەوان، پەیتا پەیتا بروسکەو یاداشتی دەمراسانی کوردو ناوداران لەگشت ناوچەکانەوە ئاڕاستەی " کۆمەڵەی گەلان" دەکراو هەر ڕۆژەی بروسکەیەك دەربارەی داخوازییەکانی کورد بۆ سەرۆکوەزیرانو وەزیری هەندەرانی بەریتانیاو مەلیك فەیسەڵی یەکەم دەچوو.

لە بروسکەیەکی پشکنەری ئەوکاتەی ئینگلیزدا بۆ گەورە کاربەدەستانی بەریتانیاو عێراق هاتووە کە" دوا داواو بڕیاری کوردان داواکردنی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردییە لە ژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی گەلانو داوای هاوکاریش دەکەن".

لە میانی بروسکەو یاداشتەکانی تایبەت بە خواستەکانی کورددا، عەزمی بەگی بابانو کۆمەڵێك کەسایەتیتر لە3ی ئابی ١٩٣٠، نامەیەك بۆ مەندوبی سامی دەنێرنو ئاگاداریان کردووەتەوە لەو بروسکەو یاداشتانەی کە بۆ کۆمەڵەی گەلانیان ناردووە.

جارێکیتر نۆ کەس لە ئەشرافی سلێمانی بروسکە دەنێرن بۆ وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا لە لەندەنو ئەوان لە بروسکەکەیاندا دەڵێن کە پەیمانی نێوان بەریتانیاو عێراق دانی نەناوە بە مافەکانی کورددا و داوایان کردووە کە مافەکانی کورد بخرێنە ناو ئەو پەیمانەوەو داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد مسۆگەر بکەنو کورد بپارێزن.

عەزمی بابان، عەبدولقادر حەفید، حەمە ئاغا، عیززەت عوسمان پاشا، حەمدی ڕەشید پاشا، شەفیق ڕەشید پاشا، عەبدولڕەحمان ئەحمەد پاشا، فایەق بابان، تۆفیق قەزاز". ئەو کەسانە بوون کە ئەو یاداستەیان بۆ وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا لە لەندەن ناردووە.

جگە لەهەوڵی گەنجانو ڕۆشنبیرانو خوێندەوارانو قوتابیانی ئەو دەمەی سلێمانی، هاودەنگی بۆ داواو مافەکانی کورد لەناو سەرۆك هۆزەکانیشدا گەشتبووە ئاستێکی بەرزو لە ڕۆژانی بەر لە تەقینەوەی شەڕی بەر دەرکی سەرا، ٢٤ سەرۆك هۆز لە ٢٠ی تەمموزی ساڵی ١٩٣٠ بروسکەیان ناردووە بۆ وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیاو داوای خود موختارییان لێکردووە.

بەپێی گێرانەوەی پشکنەری کارگێڕی ئەوکاتەی بەریتانیا لە سلێمانی کە لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا خراوەتە ڕوو، تا دەهات هۆیەکانی کامڵبوونی تەقینەوەی بەر دەرکی سەرا زۆرتر کەڵەکە دەبوون.

بەپێی بەڵگەنامەکانی بەریتانیا تایبەت بە شەڕی بەر دەرکی سەرا، پشکنەری کارگێڕی ئەو دەمەی بەریتانیا لە سلێمانی لە ڕۆژی یەکی تەمموزی١٩٣٠ نامەی بۆ ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ ناردووەو ئاگاداری کردووەتەوە کە بزێوی لە ئارادایە، ئەو لەنامەکەیدا وتوویەتی:" ئەوەی پێوویستە بۆ دابینکردنی مەرجەکانی هەڵبژاردن کردوومانە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە ڕەفزیان کرد کە هیچ جۆرە بەشدارییەك لە هەڵبژاردندا بکەن تا چارسەری مەسەلەی کورد نەکرێت".

پشکنەرە بەریتانییەکە ئاماژەی بەوەش داوە کە کۆمەڵێك کەسایەتی سلێمانی کۆمەڵەیەکیان پێکهێناوە بۆ هاندانی جەماوەر،

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە پشکنەری بەریتانیا لە سلێمانی بۆ ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراقی ناردووە لە بەغداد کە ئەویش ئینگلیز بووە، خۆپیشاندانی ١١ی ئابی ١٩٣٠، ڕێخۆشکەر بووە بۆ خۆپیشاندانی گەورەی ڕۆژی شەشی ئەیلوول.

بەپێی زانیارییەکانی پشکنەر، خۆپیشاندانی ١١ی ئاب لە لایەن ژمارەیەك قوتابی بەسەرپەرشتی مامۆستاکانیان دژ بە کۆبوونەوەی جێگرانی سەرۆکوەزیرانی عێراقو مەندوبی سامی لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئەشرافی سلێمانی لە شوێنی کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە.

لەپاڵ داواکاری بۆ جێبەجێکردنی داواو خواستەکانی کورد بەتایبەت لە پەیمانی نێوان بەریتانیاو عێراقدا، لابردنی تۆفیق وەهبی لە موتەسەریفی سلێمانی هۆیەکیتری تەقینەوەی نارەزایەتییەکان بووەو داواکراوە کە بگەڕێتەوە سەر کارەکەی.

دکتۆر کەمال مەزهەر ئاژەی بەوە داوە کە لابردنی تۆفیق وەهبی نۆ ڕۆژ بەر لە ڕوودانی شەڕی بەر دەرکی سەرا، لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە، هۆیەکی نوێی تری تەشەنەسەندنی نارەزایەتییەکان بووەو یەکێك لە فایلەکانی ناو بەڵگەنامەکانی بەریتانیای تایبەت بە شەڕی بەردەرکی سەرا، ئەوەی تێدا هاتووە کە ڕەهبەرانی کورد بە توندی دژی بڕیاری لابردنی تۆفیق وەهبی بوونو داوایان کردووە بە زوترین کات بیگەڕێننەوە سەر کارەکەی.

پشکنەرە بەریتانییەکە دەگێڕێتەوەو باسیدەکات کە ٢٤ کاتژمێر بەر لە ڕوودانی شەڕی بەردەرکی سەرا، ناردوویەتی بە شوێن ٣کەسی ناوداری خەڵکی سلێمانیدا کە نوێنەری گەڕەکەکانی سلێمانی بوونو ئەوان هاتوون بۆ موتەسەریفییەت لە ناو سەرای سلێمانی، تا هەڵبژاردنیان بۆ بکرێت بۆ پەرلەمانی عێراق.

ئەوکاتەی کە پشکنەرە بەریتانییەکە لەگەڵ ئەو 30 کەسەدا لە بینای موتەسەریفییەت لە بینای سەرا لە کۆبوونەوەدا بووە، خۆپیشاندەرانو قوتابیان پۆلیسیان داوەتە بەر بەردو پۆلیسیش بە گوللە وەڵامی داونەتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی پشکنەرە بەریتانییەکە، کاتێك ئەو لەگەڵ نوێنەرانی گەڕەکەکانی سلێمانی لە کۆبوونەوەدا بووە، ئاگادارکراوە کە پەنجا قوتابی بە سەرکردایەتی فایەقە فەنی مەبەست " فایەق بێکەسی شاعیرە" کەوتوونەتە هاندانی دوکاندارەکان بۆ ئەوەی دوکانەکانیان دابخەن.

وەکو پشکنەرە بەریتانییەکە گێڕاویەتییەوە تا دەهات حەشاماتی خۆپیشاندەران زۆرترو کاریگەرتر بووەو توانیوویانە درِ بە پۆلیس بدەنو پۆلیسەکانیان ناچار کردووە بکشێنەوە ناو باخچەی سەرا.

کاریگەریو هێزی خۆپیشاندەران وا لە پشکنەر دەکات کە داوا لەفەرماندەی حامییە بکات بەتالیۆنێك بنێرێت بۆ پشتیوانی هێزەکانی پۆلیسو ئەو هێزانەی تر کە بەرێوەن.

پشکنەر دەڵێت:" ژمارەی دارو گۆچان بەدەستی خۆپیشاندەران تا دەهات پەرەی دەسەندو ژمارەیەك لە هێرشبەران کەوتنە بەکارهێنانی قۆچەقانی و ژمارەیەك لە چاو نەترسەکانیان هاتبوونە ناو باخچەی سەراوەو هەواڵیش هات کە بەشێکی خۆپیشاندەران چوونەتە سەربانی بەندیخانەکە کە کەوتبووە شوێنێکیتری سەراکەوەو ئەوێشیان خستبووە مەترسییەوە".



وەکو پشکنەرەکە باسی دەکات پاش گەشتنی هێزی پیادەو دەستبەکاربوونیان هێشتاش خۆپیشاندەران لە بەرد بارانکردنی پۆلیس بەردەوامبوونو دوای ئەوەی کە سەربازێك کوژراوە، ئیتر هێزەکان کەوتوونەتە دەستڕێژی گوللەو بەو هۆیەوە حەشاماتەکە کشاونەتەوەو ژمارەیەکیان لێ کوژراوەو ژمارەیەکیشان لێ بریندارەبووە.

بەپێی بەڵگەنامەکانی بەریتانیا تایبەت بەشەڕی بەر دەرکی سەرا، لەو خۆپیشاندانەدا سەربازێك کوژراوەو سێ سەربازیش بریندارەبوون و سەدو پەنجاو سێ پەنجەرەی سەراو حەڤدە گڵۆپی سەر شەقامەکان شکێنراوون.

لەخۆپیشاندەرانیش سیازدە کەس کوژراوەو بیستو سێ کەسیشیان بریندار کراوون.

پشکنەرەکەی بەریتانیا لە سلێمانی ئاماژەی بەوە داوە کە دوای دامرکانەوەی خۆپیشاندانەکە، فەرمانی دەرکردووە بۆدەستگیرکردنی ئەوانەی ڕابەرایەتی نارەزایەییەکانیان کردووەو دە کەسیان دەستگیرکراونو گوازراونەتەوە بۆ بەندیخانەی کەرکووك.

**لە دیبلۆماتیکەوە وەرگیراوە**

# بەیان ئیبراهیم:
## ژن کوشتن لە نێوان ژنکوژی ئەوێ و ژنکوژی ئێرەدا

لە هەر شوێنێک قوربانی هەبوو لەبەرامبەردا کردەی تاوانی کوشتن دەبێتە جەلاد، کاتێک شەرعیەتی گشتی ئامادەبو کە خەنجەر و قامچی بداتە دەست جۆرە بەشەرێک، ئەوا ئەو کۆمەڵگایە دابەش دەبێ بەسەر جەلاد و قوربانیدا، جا ئیتر پۆلێن کردنەکە لە نێوان ڕەش و سپی پێستدا بێ یان لە نێوان کرێکار و خاوەن کاردا بێت یان بازرگانی بە منداڵەوە بێت یان جیاوازی جێندەری، لێرەوە نێر و مێ پێکەوە ژیان و کۆمەڵگا پێک دێنن، جا ئەگەر کۆمەڵگا کۆمەڵگایەکی دروست بێ ئەوا ژیان دۆستی تێیدا باڵا دەبێ، بەڵام ئەگەر هەر جۆرە چەساندنەوەو جیاکارییەک هەبێت و بگاتە خوێن، ئەوا ئەو کۆمەڵگایە دەبێتە قەسابخانە و مەرگ دۆستی ئامادەگیەکی بەردەوامی دەبێت، ئەو شەرعیەتی سڕینەوەی بەرامبەرە بە تایبەت ژن و ژیان تەواو ناشیرین دەکات، بە مانایەکی تر دانانی چوارچێوەیەک و کۆمەڵێک ڕێسا و عادات بۆ ژیانکردنی ژن هەر لەگەڵ لەو ڕێسایانە دەرچو دەبێ وەک قوربانی سزا بدرێت تا دەگاتە ژن کوشتن.

لێرەوە ئەم ژن کوشتنە ڕوداوێکە تایبەت لە ئێستادا بونی هەیە و وە بگرە مێژوییەکی کەمی خوێناوی چەند ساڵەی هەیە لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا، چونکە نزیکەی چەند سەد ساڵ پێش ئێستا ژن تایبەتمەندی ژنێتیی خۆی هەبوە لەمەیدانی کوردەواریدا هەڵبژاردنی بەدەستبوە، ئەوە وای کردوە چۆن بڕیار بدات چێژ لەجوانی خۆی ببینێ، بایەخی بەدەوروبەری داوە، مردن و خوێن تەنها ڕوداوێک نیە لە ڕوبەرێکی جوگرافیای دیاریکراودا ڕوی دابێ، بەڵکو لە زۆرێک لە سەرزەمینەکانی دنیادا هەیەو ڕۆژانە خۆی دوبارە دەکاتەوە، بۆ نمونە لە بەریتانیا لە ماوەی بیست و هەشت هەفتەدا هەشتاو یەک ژن کوژراوە، گرنگە ئێمە کاتێک ئەم خوێن و مەرگانە دەبینین قسە لەسەر هۆکاری کۆی مەرگەکاندا بگەڕێیین، چونکە مەرگەکان ئەڵقەی زنجیرێکی درێژە لە مردن، دوای ئەم مەرگە بە دەست ژن کوژێک لێرە ئەڵقەیکی تری ژن کوشتن بە دەست ژن کوژێکی ئەوێ ڕودەدا و ئەم زنجیرەی مەرگی ژنانە درێژەی بوە و دەبێت، گرنگە هۆکارە سەرەکیەکەی بزانرێت و لەوێوە شۆڕشی فکری بۆ بکرێ، واتا دەبێت ژنکوژەکانی ئەوێ و ئێرە بگەنە ئاستێکی هوشیاری وا کە ژن ژیانە و خوێیان خەنجەر و قەمچییەکانیان فڕێ بدەن.

ژنکوژی ئەوێ و ئێرە یەک کاریان هەیە و هیچ جیاوازییەکیان نیە، تەنها لە فۆرم و ناسنامەدا جیاوازن، هۆکاری سەرەکیش بریتیە لەو دەسەڵات و هێزەی کە سەرچاوەی کلتور و ڕێسا و دەستەڵاتەکانی یاسایی و جێبەجێ کردن دەیبەخشێتە جەلادەکان، کە ئەوانیش جیاکاری جوگرافیان نیە، تا ئەو ئاستەی جیاکاری جێندەریش بەو ئاستە بەرزە نیە، زۆرێک لەو ژنانەی دەکوژرێن خەنجەر و قامچی دەستی ژنکوژ ژنان بۆیان ئامادە دەکەن و ژنکوژ سەربازێکی گوێ ڕایەڵی جێبەجێ کاری هەندێ ژنە، کە لەم ئاستەدا زۆر پیاو هەیە تا ئاستی باڵا ژن دۆست ژیان دۆستە وەک چۆن زۆرینەی تاوانەکانی ژن کوشتن پیاوانن و دوو جۆرن، جۆرێکیان جێبەجێکاری پلانی ژنان و جۆرێکیان پۆلیسی کلتور، کە ئەمە بۆ کوشتنەکانی تریش ئامادەگی هەیە، بە تایبەت پیاو کوشتن.

ژنکوژانی ئەوێ و ژنکوژانی ئێرە دەستەڵاتێک جێبەجێ دەکەن، کە هەر خۆشیان هاوبەرژەوەندین لەم دۆسیەیەدا، ژنێک لەهەر کوێیەکی ئەم دنیایە بکوژێ ئەوا یاساکانی خەنجەر جێبەجێ دەکرێ.

ناکرێ دۆسیەیەکی گەورەی وەک ژن کوشتن بکرێت بە کارتی دەستی سیاسەت، ئەم دۆسیەی ژن کوشتنە دۆسیەیەکی تەواو ڕوت و جیاوازە، کاتێک من لێرەوە هاوار دەکەم نابێ ژنکوژانی ئەوێ ژن بکوژن و مەحکومیان دەکەم، بەڵام لە کۆڵانەکەی خۆمان، لە گەڕەکەکەی خۆمان، لە شارەکەی خۆمان ڕۆژانە دەبینی و دەبیستی ژنێک کوژرا ژنێک سوتا تایبەت لە هەواڵی سەر شاشەی تیڤیەکان و هەواڵی سوشیاڵ میدیا سور بکات و ژنکوژی ئێرە تەراتێن بکا و ژنکوژی ئەوێ مەحکوم بکەین، شۆڕش دژی چەوساندنەوە و خوێن دەبێ گشتگیر بێ، لەهەر کوێیەک ژنێک کوژرا دەبێ شۆڕشی کۆمەڵایەتی دروست ببێ تا دەگاتە ڕاچڵەکینی کۆمەڵایەتی و هەر شۆڕشە و لە سنوری جوگرافی خۆیدا ئەڵقەیەک دروست بکات و بیبەستێتەوە بە ئەڵقەی شۆڕشی شوێنەکانی ترەوە و زنجیرێک بەرامبەر زنجیری کوشتنی ژنان دروست ببێ، وا بکات هێز و دەستەڵات و کلتور و یاسا و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن ناچار بکات بە ژن دۆستی و ژیان دۆستی.




### بمکوژێنەوە...

وەک ئەوەی شەپۆل بیت و
کەنارەکانی دڵم ڕابماڵی
وەک ئەوەی فرینێک بیت و
ئاسمانێک شک نەبەیت
بمسڕەوە....
وەک ئەوەی لە ئیملای بینینا
هەڵەی ئیملایت کردبێ
وەک ئەوەی
لە لەوحی مەحفوزدا
ناوی من بە زیادە بزانی
بمژێنەوە.....
ئەو کاتەی پەشیمانی
دەتباتەوە بەردەم
پێش هەرەسی تەمەن
وەک ئەوەی
منال بیت و
لە بازاڕدا لە دایکت ون ببی
وەک ئەوەی بە خۆت بڵێی
بۆ وام کرد
ئەو هەمو گوڵەم لێبوە سەراب
ئەو هەمو کانیەم
لە گۆڕستانی هەورا ناشت
ئەو هەمو بارانەم
لە تەفسیرێکی هەڵەدا
بە تەڕترین ئاو خنکاند
ڕونترین ڕوناکی تۆم
بە تاریکی سپارد.
بیرت نەچێ
تۆ دوا سڵاوت کرد و
ڕوت کردە گۆڕستان...

**بەیان ئیبراهیم**



# گۆچانەکەی مام

## مەلاشاخی

ئەوسای نوێنەری(مام)بووم
لە مەڵبەندی(2)ی کەرکوک
(مام)زوو زوو داهاتەکەرکوک و
چەند رۆژێکیش دەمایەوە..
رۆژێکیان نوێنەرەکانی
کۆکردەوە تا دەربارەی کەرکوک
قسەمان بۆ بکات..
تەلەفزیۆنەکانیش لەوێ بوون.
من ویستم گۆچانەکەی لابەرم..
تا نەکەوێتە بەر زوومی کامێرا و
مام وا نەیەتە بەرچاو..
کە زۆر پیربووە.
هەرکەدەستم بۆ گۆچانەکە برد
کێشای بەسەر دەستمدا...
گوتی :
ـ دەزانم تۆ بۆدەتەوێ گۆچانەکە
لە بینەران بشاریتەوە...
منیش گۆچانەکە بۆیە لانادەم
١ـ لەپێشمەرگایەیی دا
لەدەربەندەوە بۆ چەمی رەزان
گۆچانێکی ئاوام پێ بوو..
٢ ـ لەشۆڕشی نوێ دا
لەگەڕانەوەماندا بۆ بادینان..
گۆچانێکی تر هاورێم بوو..
٣ ـ بۆ ئێستاش گۆچان پێویستە
مەرج نییە هەر بۆ رۆیشتن
کەڵکی لێ وەر بگرم..
چما ئێوە نەتان بیستووە..؟
(العصا لمن عصى)؟
هەروەها فەرمووی :
من دەمەوێ هەندێ لە شتەکانم
وەک کەلەپووری شۆڕش
لەبەر چاوان ون نەبن..
بۆنموونە:
ـ سندوقێکم هەیە
یادگاری سەردەنی شۆڕشە..
لە قەندیل و زەڵێ و ناوزەنگ...
کتێب و ئەرشیفی خۆم تیدا
هەڵدەگرت و لەسەری
وەک مێز.. دەمنووسی،
ئێستا لەناو ژوورێکی
بارەگاکەم لەچەمی رەزان دامناوە.
دەزانن بۆ..؟
بۆ ئەوەی خۆم و ئێوەش
لەبیرمان نەچێتەوە...
ئەوخەباتەبوو ئێمەی گەیاندە
کۆشکی کۆماری لە بەغدا...
ئەمرۆیش لەساڵیادی
کۆچی دوایی مام دا
پێشنیار دەکەم بۆ
(دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی)
لە مەزارگەکەی دەباشان

ـ کورسییەکەی مام دابنێن و
وێنە مێژووییەکەی
لەسەردابنێن ولەژێری بنووسن:
(سکرتێری گشتی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان).
ـ ئەو سندوقەو گۆچانەکەی...
لەهۆڵێکدا دابنرێت،
بۆ ئەوەی بەبینینی عەساکەی
کەس زات نەکات عاسی بێت..
نا...بۆ فەرامۆشکردنی
دڵسۆزانی رێبازی مام.
بەڵێ ..بۆ یەکێتی ناو یەکێتی و
چەپکەگوڵەکەی مام.
لەبیرەوەری پێنجەمین ساڵەی
کۆچی دوایی شکۆی نیشتمان
هەموومان پێکەوە دەڵێین:
روحی شاد.



**مەلاشاخی**
**٢ ـ ١٠ ـ ٢٠٢٢**
**کەرکوک**

# لەتوێژینەوەی قەیرانەوە، قسەیەک بۆ هونەری بەڕێوەبردن

## ئەحمەد حەمە ساڵح

ڕاستە پرسە سیاسی و ئابوریەکان ئاڵۆزن و زنجیرەیەکی لێکدانەبڕاون،بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو ئاڵۆزیانە و بەڕێوەبردنێکی دروست و سەردەمیانە، پێویستە پەنجەرەی ڕوانینە چارەسەریەکان،بەشێوەیەک فراوان بن،کە پارێزەری شکۆداری خاک و خەڵک بن ،ڕاستە هەر ئاریشە وڕوداو وقەیرانێکی کارگێڕی،سیاسی ،ئابووری و کۆمەڵایەتی،زیاتر لە مانایەک هەڵدەگرێ و پێشینەی مێژویان هەیە و لە هۆکارێک زیاتریش دروستی کرد بن وهەندێک لە هۆکارەکانیش شاراوەبن ، ئەوە بۆ شرۆڤەیەکی زانستیانە بەردەوام پێویستمان بە شیکارێکی سیاسیانەی نیشتیمانیانە هەیە،کە لەم سەردەمی ئاڵۆزی وکرانەوە و بەئاگابوونە جیهانیەدا،لە بوونی پلانی کار و بازنەکانی هونەری مامەڵەکردندابڕوای تەواومان بە چەمکی هەوڵاتیبوون هەبێت.

وەک چۆن لە ئیمرۆی کرانەوە و دیموکراتیەتدا (دابینکردنی هەمووو هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی ودامەزراندنی پایەکانی ئابوری و کارگێریەکی نمونەی بوونی باڵا)پێوەرن بۆ شکۆمەندی نیشتیمان و حوکمڕانیەکی سەرکەوتوو،ئاواش شیکاری ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان تێگەیشتنێکی وردە بۆ ڕەوتی کێشەوقەیرانەکان،و پەیبردنێکی ئەقڵانی  بۆ هۆکارو بەدواداچونەکان ، هەر پرس و ڕوداوێکیش کە شرۆڤە دەکرێت، دەبێت بە ڕونی و ڕاشکاوی و دور لە تەمومژ  سنورەکانی دیاری بکرێت،وپاشان ڕەگەزەکانی پرسەکە و ڕەهەندەکانی ڕۆشن بکرێنەوە،هەرشیکارێک کە گشتگیر و زانستیانەو سەردەمیانە ودڵسۆزانە بێت ،ڕۆشنتر کاریگەریان لە سەر پێگەکانی حکومەتداری دیاردەبێت، و ساناتر دەبێتە دەستپێکی نەخشە ڕێگایەکی ڕوون.

کەواتا شیکارە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی وکارگێڕیەکان، چارەسەری عەقڵانی و لۆژیکی پرس و هەڵوێستەکانە،و بە دورە لە بڕیاری ڕەها و سەرپێی و لێکدانەوەی نازانستیانە ،وەک چۆن لە بەرامبەر دواکاریەکانی ماف دا (زمانی تۆڵە و هەڕەشە و ئاگرو لولەی تفەنگەکان) نیشانەی مانەوەی فۆرمە تەقلیدیەکەی سالارێتی حیزبایەتین،ئاواش ناپاسای لە ناو یاسا و نادادی لە ناودادپەروەری وخیانەت لە ناو دڵسۆزی و گەندەڵی لە حکومتداری و بێ مافی لە مافەکان و سەرهەڵدانی قەیرانەکان و مانەوەیان بێ چارەسەر سەلمێنەری سیاسەتی هەڵە و کەمتەرخەمی و چەواشەکارین.

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە هونەری کارگێڕی و بەڕێوەبردن،هەڵبژاردنی ڕێگە چارەسەریەکان وشێوازی مامەلەی گونجاوە، لەگەڵ کۆی پرس و ئاریشەو قەیرانەکان،کە لە بنەماکانی(پلان،ئامادەکاری،زانینی هۆکارەکان، سەلماندنی کاریگەریەکانەوە، سەرچاوە دەگرێت و ئەزموونی نوێ و فێربوونی نوێش دەهێنێتە کایەوە،لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە هونەری بەڕێوەبردن دڵنیابوونە لە چارەسەرکردن و دورخستنەوەی مەترسیەکان ودانانی سنورێکە بۆ زەرەرو زیانەکان و ڕێگریەکانیشە لە دووبارە نەبوونەوە و گۆڕینی هەڕەشەکانە بۆ دەرفەت.

زۆرن ئەو بیرمەند و توێژەر و زانا و شارەزایانەی،کە لە کۆی کایەکانی حکومەتداریدا،زانستیانە و سەردەمیانە، لێکۆڵینەوە و شرۆڤەیان بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان کردوە، لەم نووسینەدا ڕاوبۆچونی دوو کەسایەتی دیاری ئەو بوارە دەخینەڕوو.

لەڕوانگەی سیاسیەوە،توێژەری ناوداری بەریتانی (ولیامز) بەم جۆرە بەڕێوەبردنی قەیران پێناسە دەکات:- گرتنەبەری زنجیرە ڕێ و شوێنی ئامانجدارە،بۆ کۆنترۆڵ کردنی قەیرانەکان و دانانی سنورێکە بۆی،تاوەکو جڵەوی لە دەست دەرنەچێت.بۆ یە بەڕێوەبەری کارزان و کارامە ئەو کەسەیە لە کاتی ڕوودانی قەیرانەکاندا گرنتی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی وڵات دەکات .

هەر لەم ڕووەوە دکتۆر ( محەمەد ڕەشاد حەملاوی)قۆناغەکانی بەڕێوەبردنی قەیران بۆ ئەم پێنج قۆناغەی خوارەوە دابەش دەکات کەبریتین لە:-

١- قۆناغی ئاماژەکانی ئاگادارکردنەوە.
پێش ئەوەی قەیران ڕووبدات هەندێ ئاماژەو نیشانەی ڕوودانی هەیە،کە لەلایەن شارەزایانەوە هەستی پێ دەکرێت و ،دەکرێت لە ڕێگەی دانانی پلانی خۆپارێزییەوە،ئامادەباشی بکرێت بۆ ڕێگەگرتن لەڕوودانی قەیرانەکە.

٢-قۆناغی ئامادەباشی.
لەم قۆناغەدا دانانی پلانی گونجاوی پێش وەختە،وسیاسەتی کارکردن وهەڵبژاردنی ڕێگەچارەی گونجاوە بۆ چۆنیەتی ڕوبەڕوبوونەوە لە ئەگەری ئەگەری ڕوودانا بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانەکان.




٣-قۆناغی کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکە.
لەکاتی پێویستدا بەپێی جۆر و قەبارەی قەیرانەکە پێداچوونەوە وگۆڕانکاری بە بەرنامەوپلانی پێشوودا بکرێت،یان ڕاستەوخۆ پلانەکە جێبەجێ دەکرێت،تا لەکەمترین کاتدا بەئاسانترین ڕێگەوکەمترین بڕی تێچوون وکەمترین زەرەرو زیان ،کۆنترۆڵی قەیرانەکە دەکرێت.


٤-قۆناغی گێڕانەوەی بارودۆخەکە.
ئەم قۆناغە ئاساییکردنەوەی ڕەوشەکەیە،کەکارو چالاکیەکانی ژیان دەگەڕێنرێتەوە بۆ باری ئاسای و سروشتی پێش قەیرانەکە، هاوکات هەوڵی چارەسەرکردن و قەرەبووکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەش دەدرێت

٥-قۆناغی فێربوون وسوود وەرگرتن لە ئەزموون.
بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بابەتیانە و دۆزینەوەی هۆکارەکانی ڕوودانی قەیرانەکان و دەستنیشانکردنی،کەمتەرخەمییەکان ،گوێپێنەدانەکان،هەڵەو کەموکوڕییەکانە،دواتر سوود وپەند وەرگرتنە لە شکستەکان و داڕشتنی پلان و بەرنامەی ئایندەیە لە بواری بەڕێوەبردنی قەیراندا،بەمەبەستی ڕێگەگرتن و کۆنترۆڵکردن لە ئەگەری دووبارە ڕوودانەوەدا.

دوا ووتە، بەداخەوە لە مێژویی‌حکومەتداریمانەوە، نەزانانە،کەمتەرخەمیانە،ناپاسایانە،نانیشتیمانیانە،قەیرانەکان بەڕێوەبراون ، هەر بۆیە مەترسیدارانە تووشی شپرزەیی سیاسی،کۆمەڵایەتی، ئابوری وکارگێڕی بووینەتەوە،بە کەڵەکەبونی قەیرانەکان و فراوان بونی بازنەکانی گەندەڵی وچەواشەکاری، ئەم قۆناغیتەنگەژەو کێشەو بێمتمانەی و نائومێدیە تێنەپەڕی و تێشناپەڕێت.

سایتی زەمەن

# جیهان بەرەو کوێ؟




کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ئەمرۆدا لە بارودۆخێکدایە، مێژووی ساتێکی زۆر هەستیاری خۆی دەنوسێتەوە. ژیان لیوانلێوە لە ئاشوب و جەنگ و کێشە و قەیران و نەخۆشی و کارەساتی سروشتی و تاوان و ...تاد. برسێتی و هەژاری و بێکاری بونەتە مەترسی و هەرەشە بۆ سەر ژیانی گشتی، عەقڵانیەت و هزر و لۆجیك لە نزمترین ئاستیدایە. ئەم دۆخە قۆناغێکی زۆر تایبەتە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هاوکات زۆر هەستیاریشە. لە لایەن زۆربەی بیرمەندانی سیاسی و ئابووریەوە بە قۆناغی راگواستنی مرۆڤایەتی ناو دەبرێت. بەرجەستەبوونی گۆڕانکاری لە تەواوی سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵەیەتی و کەلتوری لە چەقی بەرجەستەبوندایە. لەم راگواستنەدا ئاماژەکان بۆ بەرجەستەبوونی دۆخێکی تایبەت، کە مرۆڤایەتی لە مێژووی خۆیدا زۆر بە ئەستەم بینیویەتی، بووەتە هۆی دروستبوونی جۆرێك لە یاخیبوون و بێزاری سەرجەم مرۆڤایەتی، هاوکات گەورەبوونی قەبارەی مەترسیەکان.

دیاردە قێزەوەن و نامرۆیەکان بە شێوەیەك زیادیان کردوە، هەرەشە لە بەهاکانی مرۆڤبوون دەکەن. لە واقعێکدا دەژین سیمای قەیران و دارمان و فەوزا و بێسەروبەری و بودەڵەی بووەتە شوناسی ئەمرۆی ژیان.
گریمانەی هەڵگیرسانی شەرێکی جیهانی نوێ زۆر نزیکبوەتەوە لە واقع. بەواتە جەنگیی نێوان زلهێزەکان بۆ سەرلەنوێ بونیادنانوەی سیستمێکی نوێی جیهانی بووەتە پێویستیەکی هەنوکەی سەرمایەداری لە قۆناغی وەحشیگەرایدا.

ئەم جەنگە لەگەڵ فراوانبوونی پانتایەکەی، بەڵام لە کۆتایدا لە نێوان دوو زلهێزی جیهانیدا ئاراستەی خۆی وەردەگرێت، ئەم دوو هێزە، کە ئەمریکا و چینن، تا ئەمرۆ بۆخۆیان بە پراکتیکی و راستەوخۆ نەهاتونەتە جەنگەکەوە. ئەم خۆ دوورگرتنە لە بەشداریکردنی راستەخۆ لە جەنگ سیاسەتێکی کۆنی ئەمریکیەکانە، لە هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا ئەمریکیەکان لە دوا ساڵەکانی جەنگ هاتنە شەرەکەوە و کۆتایەکەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان یەکلاکردەوە. لە ئەمرۆدا پێدەچێت چینیش هەمان سیاسەتی ئەمریکای هەبێت. لەم جەنگەدا، کە ئۆکراینا بووەتە چەقی پێکدادانەکەیان، راستەوخۆ و ناراستەخۆ هەردوو زلهێزی جیهان لە شەڕەکەدا رۆڵیان هەیە. ئەم جەنگە وەك سەرەتا و قۆناغی یەکەم لە نێوان رووسیا و ئەوروپادا شکڵی وەرگرتوە. ئەمریکیەکان، ئەوروپایان کردوەتە چەقی جموجۆڵەکانیان بۆ پاڵپشتی و یارمەتیدانی ئۆکرانیاکەن لە هەموو بوارێکەوە، هاوکات چینیەکانیش بە هەموو شێوەیەك پشتگیری و هاوکاری رووسەکان دەکەن، بگرە ئاراستەی جەنگەکە بەرەو ئەوە دەچێت رۆژ بە رۆژ زیاتر فراوان بێت و چەندین وڵاتی هاوپەیمانی هەردوو بەرەکە راستەوخۆ بچنە شەڕەکەوە. بە نمونە لە بەرەی رووسیا- چیندا کۆریای باکور و ئێران بە پراکتیکی کەوتونەتە جوڵە و بریاری هاوکاریکردنیان بۆ رووسیا بە ئاشکرا راگەیاندووە. هاوکات چەند وڵاتێکی هاوسنوری رووسیاش لە بەری ئەمریکا و ناتۆدا چونەتە جەنگەکەوە.

رەتکردنەوەی سیستمی جیهانی تاك جەمسەری ئەمریکا و بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی سیستمێکی نوێی جیهانی فرە جەمسەر هۆیەکی سەرەکی هەڵگیرسانی ئەم جەنگەیە. لەم دۆخەدا یەکانگیربوونی دوو هۆکار(بەرجەستەبوونی قەیرانێکی ئابووری جیهانی نوێ، تێکچونی هاوسەنگی نێوان زلهێزەکانی سیستمی جیهانی) مرۆڤایەتی بەرەو جەنگێکی جیهانی نوێ دەبات. لەم شرۆڤەیەدا گەرانەوە بۆ واقعی قەیران و هاوسەنگی نێوان زلهێزەکان لە سەردەمی پێش جەنگی جیهانی دووەم شێوە لێکچون و هاووێنەیەك هەیە، ئاماژەی دووبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆکانی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم دووبارە دەبێتەوە. بەرجەستەبوونی قەیرانی ئابووری مەزن 1929-1933 و تێکچونی هاوسەنگی نێوان زلهێزەکانی ئەو سەردەمە بەهۆی بەهیزبونەوەو سەرکەوتنی ئەڵمانیا بۆ ئاستی زلهێزەکان و رەتکردنەوەی سیستمی جیهانی ئەو سەردەمە، زەمینەی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەمی رەخساند. لە ئەمرۆدا تیهەڵکێشبوونی هەمان ئەو دوو هۆکارە، بەواتە سەرکەوتن و بەهێزبوونی رووسیا و چین وەك دوو زلهێزی گەورەی جیهان لە هاوشانی ئەمریکا و رەتکردنەوەی سیستمی تاکی جەمسەری جیهانی و بەرجەستەبوونی قەیرانیکی ئابووری جیهانی مەزنی نوێ، گریمانەکانی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی سێیەم زۆر زیاتر دەکات.

فەراوانبوونی رەهەندەکانی جەنگ لە تەواوی بوارەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازی و ئەلکترۆنی، جیهانی ئەمرۆ بەرەو ئاقارێکی زۆر مەترسیدار پەلکێش دەکات. پێشبینیەکان بۆ گەورەی شەڕەکە و دەرئەنجامی وێرانکاری و کۆمەڵکوژیەك بێوێنەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. برسێتی و دەربەدەری و رەوکردنی بە کۆمەڵ و ..تاد، بونەتە قسەوباسی رۆژانەی راگەیاندنەکان. قسەکردن و ئاشکرابوونی چەندین نهێنی سیاسەتە نامرۆیەکانی سەرمایەداری لە قۆناغی وەحشیگەرایدا، مەترسیەکانی مرۆڤایەتی لە سەر زیادبوونی ئەگەرەکانی هەڵگیرسانی جەنگێکی جیهانی ئەتۆمی زیاتر کردوە. دابەشبوونی جیهان بە گشتی لە نێوان دوو بەرەی شەڕدا، هاوکات بووەتە هۆی جیابوونەوەی دنیابینی و گوزارشتکردن لە دیاردە و رووداوەکان بە دوو ئاراستە و دوو پێناسە و گوزارشتی جیاواز و پێچەوانەی یەکتر. بە نمونە شەڕی ئۆکرانیا لای ئەمریکیەکان و هاوپەیمانەکانی، شەڕی داگیرکاری رووسیایە بۆ وڵاتێکی ئازاد و سەربەخۆ، هاوکات لای بەرەی رووسیا شەڕی پارێزگاریکردنە لە ئاسایشی نەتەوەی و دژ بە شەرانگێزی ئەمریکا و گەیاندنی هێزەکانی ناتۆیە بۆ سەر سنورەکانی. لەم دۆخەدا سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لە سەر رووسیا لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە لە لایەك و سەپاندنی گەمارۆی وزە لە سەر ئەوروپا و وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا لە لایەکیتر ناکۆکی و دوژمنایەتیەکەی نێوان هەردوو بەرە زۆر قوڵتر دەکات و بەرەو ئاقاری هەڵگیرسانی ئەو جەنگە جیهانیەماڵوێرانکەرەی دەبات، کە ئەمریکیەکان نەخشەیان بۆ کێشاوە. لە شەڕی راگەیاندنی نێوان هەردوو بەرەدا، ئەمریکیەکان، رووسەکان بە داگیرکەر و سوپای رووسیا بە نازی و پوتین بە هیتلەر دەشوبهێنن، لە بەرامبەریشدا رووسەکان سوپای ئۆکرانیا بە نازی و سەرۆکەکەی بە بەکرێگیراوی ئەمریکا ناو دەبەن.

ئەنجامەکانی جەنگ

دەرئەنجامی هەموو جەنگێك دانوستن و رێکەوتنی نێوان لایەنە شەڕکەرەکانە، بەتایبەتی ئەو دەمەی هیچ لایەنێکیان ناتوانێت ئەویتر بروخێنێت، کە لە ئەمرۆدا ئەو راستیە یەقینە، کە نە ئەمریکا تواناى رووخانی چین و رووسیای هەیە، نە رووسیا و چینیش توانای رووخانی ئەمریکایان هەیە، بۆیە لە کۆتایدا دانوستانی نێوان زلهێزەکان لە مەر دابەشکردنی جیهان لە نێوان خۆیاندا گریمانەیەکی واقعیە. لەم رێکەوتنەیشدا هیچ گومانی تیادا نیە، چەند وڵاتێك دەبێتە قوربانی رێکەوتنەکەیان. لە قۆناغ و سەردەمی دوای جەنگ تەواوی لایەنەکان، هەر یەکەو بەپێی قەبارە و سەنگی خۆی بەشی خۆی دەبات.

لەم واقعدا من پێموایە، ئەم جەنگە راستیەکی مەترسیداری دەرخست، کەلەبەری پێشکەوتنی نێوان وڵاتانی جیهان بەگشتی لە لایەك و ئەمریکا و چین لە لایەکیتر زۆر فراوان و گەورەیە، بەواتە پێشکەوتنی زۆر گەورەی چین و ئەمریکا لە بواری زانست و تەکنۆلۆجیا و ئابووری، کە بە شێوەیەکە، ململانێ و رکەبەرایەتیەکانیان لە هەناوی شۆرشی پیشەسازی چوارەمدا گەیشتووەتە ئاستێك، خەریکە سنوری خەیاڵ دەبرێت. ئەم پێشکەوتن و بەهێزبوونەی بواری زانست و تەکنلۆجیا و ئابووریە، رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی زەوی لە ئایندەدا تەنیا بەشی پرۆژەکانی ئەمان بکات، بۆیە لە قۆناغی دووەمدا گریمانەیەکی واقعیە، کە ئەم دوو زلهێزە بۆخۆیان چەندین وڵاتی هەرێمایەتی بەهێزی وەك تورکیا و ئێران و..تاد، بچوکبکەنەو لە قاڵبێکی دیاریکراوی نوێدا نەخشەی بوون و پێگەیان بکێشن. لە ئایندەیەکدا سفرەی خوانی زەوی بەشی تەنیا زلهێزەکان خۆیان نەکات، هیچ لۆجیکی تیادا نیە وڵاتانی وەك تورکیا و ئێران و چەندینی تر بەشداربکەنەوە لەو خوانە. لە ئەمرۆدا تورکەکان و ئێرانیەکان لە هەموان زیاتر هەست بەم راستیە دەکەن، هەر ئەمەیش هۆی سەرەکی ئەوەیە، کاتێك، کە ئەحمەدی نەژاد باس لە ئاینده دەکات، پێشبینی دابەشبوونی چەندین وڵاتی وەك ئێران و تورکیا و سعودیە و ..تاد، دەکات. هاوکات راوێژکاری تایبەتی ئۆردوگان، برایم کەراگۆن زۆر راشکاوانە و بێ پەردە دەڵێت: پلانێکی گەورە بەرێوەیە بۆ لێدانی تورکیا و بچوکردنەوەی.

لە هەناوی هەموو ئەم گریمانە و مەترسیانەدا، بە بارێکیتردا مرۆڤایەتی بە یەقینەوە هەنگاو بەرەو سەرلەنوێ بونیادنانەوەی هزری و جەستەی خۆی دەنات. گەران بە دوای چرایەکی هزری نوێدا، کە لە ئاست پێویستی ئەم قۆناغە نوێیەی ژیانی مرۆڤایەتیدا بێت، بووەتە خولیای زۆرێك لە بیرمەندان و فەیلەسوفەکانی ئەم سەردەمە.

لە گۆرەپانی ململانێی سیاسی و هزری وڵاتانی جیهان بە گشتی و وڵاتانی رۆژئاوا بە تایبەتی سەرلەنوێ دەرکەوتنەوەی بیرو باوەری فاشیزم و نازیزم و پۆپۆلیزم بە بەرگ و سیمای نوێوە و لە وڵاتانی ئیسلامیدا دەرکەوتنی چەندین گروپی توندرەوی ئیسلامی سیاسی، لە جەوهەردا ئاماژەی بوونی بەتاڵایەکی هزری و سیاسی مرۆڤایەتیە لە ئەمرۆدا.

لە فەرهەنگی هزری و سیاسیدا، سەدەی بیستەم بە چەرخی ئایدیۆلجیا ناوی هاتووە. تەواوی ناکۆکی و جەنگ و پێکدادان و ململانی سیاسی و ئابوری و کەلتوریەکان بەرگی ئایدیۆلۆجیان لە بەر دەکرا. لە سەرەتای سەدەی بیستویەکدا، مرۆڤایەتی لە قۆناغی راگواستن و پەرینەوەیدا بۆ دۆخێکی سەقامگیر، جۆرێك لە هزر و باوەری دۆگمایی سەدەی بیستەم بە بەرگ و سیمای نوێوە دروست دەبنەوە. دیارترین ئەو هزر و باوەرانە جموجۆڵەکانی نازی و فاشی و پۆپۆلیستە نوێکانی ئەوروپایە، کە لە ئەمرۆدا لە رێگای راسترەوە توندرەوەکانەوە زۆر بە خێرایی لە گەشەکردن و گەورەبوندان. لە سەردەمی پێش جەنگی جیهانی دووەم ئەم رەوتە هزریانە دژایەتی و دوژمنایەتی خۆیان بۆ هەردوو بەرەی ناکۆك و دژ بەیەکی ئەو سەردەمە، لیبرالیزم بە رابەرایەتی ئەمریکا و سۆسیالزم بە رابەرایەتی یەکێتی سۆڤیەت راگەیاندبوو. لە ئەمرۆدا بە هەمان شێوەی سەردەمی پێش جەنگی جیهانی دووەم ناکۆکی و دژایەتیکردنی ئەم رەوتانە بە ئاشکرا بۆ لیبرالیزمی نوێ و بەرابەرایەتی ئەمریکا و بەرەی رووسیا-چین رادەگەیەنن.

جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم دوو گێمی یەکلاکەرەوە بوونە بۆ کۆتاهێنانی شەپۆلی یەکەمی جەنگی ئایدیۆلۆجیا، لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بە شێوەکی گشتی تەواوی سیستەمە نازی و فاشیەکان وەك هێزی گەورەی جیهانی کۆتایان هات. لەو دەمەدا لە گەڵ ئەوەی جەنگی شوناس بە رواڵەت دروشمی باڵای لایەنە شەرکەرەکان بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی شوناس نەبوەتە جوڵێنەر و هۆی سەرەکی هەڵگیرسانی شەرەکان لە لایەك و هاوکات بەوەی کرۆکی جەنگەکە لە سەر بنەمای فاشیزم و رەگەزپەرستی و نازیزم بووە، شوناس نەبوەتە ئەجندای سەردەم. لە قۆناغی یەکەمی جەنگی ئایدیۆلۆجیادا لە گەڵ ئەوەی هەردوو سەربازگەی سەرمایەداری و کۆمەنیزم لە گەشەکردندا بوونە، بەڵام بە هۆی مەترسی نازیزم و فاشیزم و ئیمپریالزمی سەربازی ئەم جەنگ و رکەبەرایتیەی نێوان هەردوو ئایدیۆلجیای سەرمایەداری و کۆمەنیزوم بەداپۆشراوەی مایەوەو بە رێکەوتنێکی نەنوسراو دواخرا. لە جەنگی جیهانی دووەمدا هەردوو بەرەی وڵاتانی هاوپەیمانی بەرابەرایەتی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤێت توانرا کۆتای بە فاشیزم و نازیزم بێنن و جیهان بە شێوە و فۆرمێکی نوێ لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن. لەم قۆناغەدا جیهان شەپۆلی دووەمی ململانی و رکەبەرایەتی و پێکدادان و جەنگی ئایدیۆلۆجیای بەرجەستە کردوە. جیهان بە گشتی لە نێوان هەردوو ئایدیۆلۆجیای کۆمەنیزم و سەرمایەداریدا دابەشکران.

سیستمی دوو جەمسەری جیهانی وەك سیستمێکی نویی جیهانی راگەیندرا. لەم قۆناغەدا جەنگ و پێکدادانی نێوان سەرمایەداری و کۆمەنیزم تەواوی جیهانی دابەشکرد. دەرئەنجام فۆرمێکی نوێی شەڕ و پێکدادان جێگای جەنگی سەربازی نێوان هەردوو جەمسەری گرتەوە، کە دواتر بە جەنگی سارد ناسرا. ململانێ و رکەبرایەتی و جەنگی ئایدیۆلۆجیا لێرشدا نەوەستایەوە، بگرە دروستبوونی جەندین مەزهەب و رەوتی هزری لە ناو خودی ئایدۆلۆجیای کۆمەنیزم و سەرمایەداریدا تۆخبونەوەیەکی زۆر زیاتری بە سیمای ئایدیالستی سەدەی بیستەم دا. لە جەمسەری کۆمەنیزمدا، دیارترین ئەو دابەشبوونە لە نێوان هەردوو رەوتی لینینزم و ماویزمدا بووە. زۆرێك لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست و ئاسیا روویانکردە هەڵگرتنی بیروباوەری ماویزم، وەك فۆرمێکی گونجاو لە گەڵ واقعی کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتەکانیان وەریانگرت.

لە کۆتای سەدەی بیستەم بە داروخانی یەکێتی سۆڤیەت، تەواوی جەمسەری سۆسیالستی توشی داروخان و هەڵوەشاندنەوە بوون. لێرەوە سەرمایەداری سەرکەوتنی خۆی و بونیادنانی جیهانی تاك جەمسەری ئەمریکای وەك شوناسێکی هزری نوێی مرۆڤایەتی راگەیاند. لە واقعدا ئەم سەرکەوتنەی جەمسەری سەرمایەداری ئەوەندەی رواڵەتی بوو، ئەوەندە جەوهەری نەبوو. زۆر بە خێرایی لە دوای داروخانی جەمسەری کۆمەنیزمەوە قەیران و کێشەکانی سەرمایەداریشدا روو لە هەڵکشان و زەقبونەوە دەچوون. بۆیە تەمەنی سیستمی تاك جەمسەری ئەمریکا و وێناکردنی لیبرلیزم وەك تەنیا رێباز و هزری مرۆڤایەتی زۆر کورت بوو. لە ساڵی 1989 بیرمەندی ناوداری سەرمایەداری فرنسیس فۆکویاما لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (کۆتای مێژوو) قۆناغی دوو جەمسەری و مەرگی هەتاهەتای کۆمەنیزم و مانەوەی هەتا هەتای سەرمایەداری راگەیاند.

ئایدیۆلۆجیا لە سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێك نەرێتی داکوتراوی لە قوتکراو و کۆنکریتی لەهەناوی بیرو باوەری تاکدا رواند. چەندین ناونیشانی وەك هزری نەتەوایەتی، کۆمەنیزم، سەرمایەداری، بە بێ پراکتیزەکردن و گونجاندن لە گەڵ واقعی کۆمەڵایەتی و زروفی مەوزوعیدا، بوونە دروشمی گەلانی ژێر دەستە و دواکەوتوو. لە بارە بەرفراوانەکەیدا دابەشکردنی هزریی مرۆڤایەتی لە نێوان هەردوو ئایدیای چەپرەوی و راسترەویدا بەرەو ئەوە هەنگاوی دەنا، کە تەواوی جەستە و روحی ئەو سەردەمە بە شێوەیەك کۆنترۆڵ بکات، تەوای تاك و کۆمەڵگاکان بێهۆش بکات.

لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و راگەیاندنی مەرگی کۆمەنیستی، سەرمایەداری جیهانی بە تایبەتی مۆدێلی لیبرالیزمی نوێ بە رابەرایەتی ئەمریکا چوە قۆناغی وەحشیگەرایەوە، بە لام لە رووبەکیترەوە قەیران و کێشەکانی ئەمیش رۆژ بە رۆژ لە قوڵبونەوەو گەورەبووندا بووە، تا ئەو دەمەی، کە لە ئەمرۆدا لە ئاقارەکانی داروخاندا چاوەروانی سەردەمێکی نوێ دەکات، کە لێیدا پێگە و سەنگ و سیما و شوناسێکی نوێ بۆ خۆی بونیاد بنات. بەواتە شەڕی ئەمرۆی جیهان دەبێتە ویستگەیەك بۆ بونیادنانی قۆناغ و سەردەمێکی نوێی ژیانی مرۆڤایەتی لە تەواوی بوارەکانی هزری، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتوری..تاد. بە واتە قۆناغی دووەمی شەڕی نێوان زلهێزەکان شەرێکی کەلتوری و هزری دەبێت. لە ئەمرۆدا هەر یەك لە چین و ئەمریکا و روسیا خاوەنی ئەجندای هزری تایبەت بە خۆیانن، هەرچی رووسەکانە باس لە بونیادنانی تیۆری سیاسی چوارەم و پرۆژی ئۆراسی نوێ دەکەن، چینیەکان بانگەشە بۆ سۆسیالزمێکی تایبەت دەکەن، کە خاسیەتی وڵاتی چین لە بەرچاو بگرێت، هەرچی ئەمریکیەکانە باس لە پیاداچونەوە بە لیبرالیزم و بونیادنانی هزرێکی نەتەوەی ئابووری نوێ دەکەن. لە دوای شەڕ چۆن لایەنە زلهێزەکان، زەوی لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن و چ جۆرە سیستەمێکی جیهانی دادەرێژن و چی جۆرە رێکخراو و دامەزراوەی جیهانی بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندیەکانیان دادەمەزرێنن، پێگە و سەنگ و رۆڵی وڵاتانی بچوك و لاواز و ناوەندی چی بەسەردا دێت؟، ئەمانە چەندین پرسیتر دەبنە باسی دانوستان و رێکەوتنەکانیان. لە سێبەری سیستەمێکی جیهانی فرە جەمسەریدا، چی فۆرمێکی هزری و سیاسی دەبێتە مۆدێلی فەرمانرەوای و ئیدارەدان لە سەر ئاستی جیهان و نەتەوەکان؟، ئەم پرسە هاوسەنگی نێوان خواستە پارادۆکس و دژ بە یەکەکان دیاری دەکات.

# د . کەمال مەزهەر
## ژیانی کۆمەڵایەتی
## مێژوو نوس ئەدیب سیاسی  مامۆستای زانکۆ

نووسین و بەدوادا چوون ؛ ئامانج مەسرەف
ژیانی کۆمەڵایەتی خانەوادەی د. کەمال مەزهەر بۆ یەکەم جارە  بڵاو دەکرێتەوە

کەمال مەزهەر ئەحمەد حاجی ڕەسوڵ گورون ئاغا کوڕی زوڵاڵ ئاغا باوکی دوکتۆر کەمال دوجار هاوسەر گیری دەکات
جاری یەکەم هاوسەرگیری دەکات لەگەڵ خاتوو حەپسە  کچێکی لێ دەبێت بەناوی
خاتوو (زەکیە ) لەساڵی ١٩٣٢ لەدایك دەبێت  ئەم خاتوونە هاوسەرگیری دەکات لەگەڵ کاك جەمیل عەباس کەئامۆزی خۆی دەبێت کوڕێکیان دەبێت بەناوی کاك ئاراس

هاوسەری دووەمی کاك مەزهەر ئەویش ناوی
حەپسە عبداللە  حاجی ئەحمەد کەخاڵۆزا و پورزا دەبن لەساڵی ١٩٣٣ هاوسەرگیری دەکەن لەشاری سلێمانی لەگەڕەکی قەزازەکان نەوەکانیان

١- خاتوو نەسرین مەزهەر  ئەحمەد لەدایك بووی ١٩٣٤
هاوسەری حاکم ڕوشدی عەزیز کە ئامۆزا و پورزای خاڵە شەهابی شێخ نوری ساڵحە باوکیان برا دەبێت و دایکیان خوشك دەبن
کەئەم نەوەنەیان هەیە
١-ڤیان. ڕوشدی عەزیز
٢- ئالان ڕوشدی عەزیز

٢- د.کەمال مەزهەر لەدایکبووی ١٩٣٧
دوکتۆر کەمال دوجار هاوسەرگیری کردووە جاری یەکەم لەوڵاتی ڕوسیا کاتێك خوێندکاری دوکتۆرا بووە  هاوسەری یەکەم
١- خاتوو تامارا ڕووسی بووە کەدکتۆرای لەئەندازیاری نەوت هەیە کوڕێکیان هەیە بەناوی
١-کاك لاوك  ئەندازیاری کۆمپیتەرە ، تائێستاش لەشاری مۆسکۆ دەژین پەیوەندیان لەگەڵ خانەوادەی دوکتۆر کەمال بەردەوامە
هاوسەری دووەمی دوکتۆر کەمال
خاتوو شەهلا تاهیر حەیدەری
کەخاتونێکی شاری هەولێر بووە سەر بەخانەوادەی بەناوبانگی حەیدەرین ، ماستەری هەبووە لە ( ئامار )  کەکەسێکی دڵسۆز و ڕۆشنبیر بووە تاساتی  مردنی دوکتۆر کەمال پێکەوە بوون و کەسێکی بەوەفا دڵسۆز بووە

٣- د. جەلال مەزهەر ئەحمەد لەساڵی ١٩٣٩ لەدایك بووە ، کۆلیجی پزیشکی لەوڵاتی بولگاریا تەواو کردووە
خاوەنی کچێکە بەناوی خاتوو ( ژیان )

٤-خاتوو نەجات مەزهەر ئەحمەد  لەڕۆژی ١٩٤٢/٤/١٤ لەدایك بووە
هاوسەری کاك جەمال سوران حسن قەرەنی
وە خاوەنی سێ منداڵە بەم ناوانە
١- د هەندرێن پزیشکە لەوڵاتی بەریتانیا  هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو تارا سەڵاح بابان. کردووە

٢- کاك هۆشمەند هاوسەرگیری  لەگەڵ خاتوو گەزیزە  شێخ قادر  کردووە

٣- خاتوو هاژە   هاوسەرگیری لەگەڵ کاك مفیدی حەمە نوری عەبە مۆخەی مەڵکەندی کردووە  کاك نوری عەبە مۆخە  خاوەنی کارگەی کەللە شەکری خیام بوو لەسەردەمی  کۆن و گەشەسەندنی شاری سلێمانی




کاك مەزهەر  باوکی دوکتۆر کەمال لەژیانی پیشەیی خۆی وەك ئەفسەر و مەئمورێکی پۆلیس لەزۆر شوێن کاری کردووە وە شاری سلێمانی کەبەرپرسی پۆلیسی تاوڵە سواری بووە شاری هەڵەبجە و ڕانیەو شاری (کوت ) و ئاغجەلەر !!
بۆیە ئەگەر سەرنج بدەن لەپێگە ئەلکترۆنیەکان و سەرچاوە ی نوسراوەکان کاتێك باسی ژیانی دوکتۆر کەمال دەکرێت دەنوسرێت (ئاغجەلەر کەرکوك ) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پیشەی باوکی کەلەو ساڵەدا  مەئموری پۆلیس بووە لە شارۆچکەی ئاغجەلەر  بەڵام خۆیان لەبنەچەدا  خانەوادەیەکی خانە خوێ شاری سلێمانین

د. کەمال مەزهەر

لە ساڵی 1937 لە گوندی ئاغجەلەری سەر بە شاری کەرکوک لەدایکبووە.
ساڵی 1955 قۆناغەکانی ئامادەیی تەواوکردووە.
ساڵی 1959 لە زانکۆی بەغدا، لە کۆلیژی پەروەردە بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە مێژوودا بە پلەی شەرەف وەردەگرێت.
لە ساڵی 1963 لە یەکێتیی سۆڤیەت بڕوانامەی دکتۆرا وەردەگرێت.
ساڵی 1969 لە هەمان وڵات بڕوانامەی دکتۆرای ناوک بەدەستدەهێنێت. خاوەنی دەیان لێکۆڵینەوە و کتێبی مێژووییە لەسەر کوردستان و کورد و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.
زۆرێک لە خوێندکاران لەسەر دەستی ئەمدا نامەی ماستەر و دکتۆرایان لە مێژوودا وەرگرتووە.
کەمال مەزهەر رۆژی 2021-03-16 بەهۆی نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەیەکی شاری بۆن لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد. تەرمی ناوبراو رۆژی 2021-03-23 لە ئەڵمانیاوە گەییشتە هەولێر و پاشان رۆژی 2021-03-24 لە سلێمانی زێدی خۆی لە گردی سەیوان بە خاکسپێردرا.
هەندێک لە بەرهەمەکانی زمانی کوردی
- ئافرەت لە مێژوودا: کورتە باسێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی.
- بەتەمای دەمەتەقێ یەکی دۆستانەو دیموکراتی بووم، بووم بە کاکە حەمەی کورد!
- تێگەیشتنی راستی؛ شوێنی لە رۆژنامەنوسی کوردیدا.
- چینی کرێکارانی عێراق.
- چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد - بەرگی 1
- چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد - بەرگی 2
- خەباتی رزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران
- رێنیسانس.

- زاراوەی کارگێڕی، (عەرەبی کوردی).
- کوردستان لەساڵەکانی شەری یەکەمی جیهاندا.
- میر.
- مێژوو.

هەندێک لە بەرهەمەکانی زمانی عەرەبی

- الاكراد (ملاحظات وانطباعات)، الاكراد احفاد الميديين.
- انتفاضة عام 1925 في كردستان تركيا.
- ثورة العشرين في الاستشراق السوفيتي.
- حول مسالة القطاع بين الكرد.
- دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر.
- دراسة تأريخية.
- الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية.
- موقف العراقيين من النظام الفيدرالي.
- كركوك وتوابعها، حكم التاريخ و الضمير.

به زمانی رووسی

خەباتی رزگارکەری کوردان دژ بە ئیستیعماری بریتانیا لە ساڵانی ١٩٣٢-١٩١٨ی زایینی
کورتەیەک لە مێژووی کوردەکان لە ساڵانی ١٩٥٨-١٩١٨ی زایینی
بەشدرایکردن لە نووسینی کتێبەکانی: پەیدابوونەوەی چینی کرێکار لە وڵاتە ئاسیاییەکان و ئەفریقاییەکان

وەرگێرانەکان

سەبارەت بە فێئۆدالیزم لە نێو کوردەکان ئا. شامیلۆف
وەرگێرانی ٥ کتێبی وانەیی زانکۆ
کوردەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی

نووسین بەدوادا چوون ; ئامانج مەسرەف
چاووگی زانیاری ; د. هەندرێن جەمال خوشکەزای دوکتۆر کەمال مەزهەر
مافی بڵاوکردنەوە پارێزراوە بەڕەزامەندی نوسەر و خانەوادە دەبێت



# ٣٥ ساڵ پێش ئێستا

لە شەوی ١٩٨٧/٩/٣٠/٢٩ هێزی پیشمەرگەی کوردستان بە پێ ی نەخشەیەکی گونجاو و سەربازی بڕیاری دا کە زنجیرە شاخی گڵەزەردەو و بورجەکەی قەرەداغ پاک بکرێتەوە لە پیسی چەپەڵی هێزی داگیرکەری بەعس بۆیە نەخشەیەکی زۆر تۆکمە دانرا تەواوی رەبیەکان و مۆڵگەکانی دوژمن خاپور کرا ئەوەی کوژرا کوژرا ئەوەی هەڵهات هەڵهات ئەوەی دەستی کردەوە رەوانەی دۆزەخ کران بە دەیان کەسیان لێ بە دیل گیران ئەو شەوە مانگەشەوە لە گەڵ کاتژمێری سفری پێشمەرگەو بریسکەی لولەی چەکەکانی رۆڵە قارەمانەکانی یەکیتی نیشتمانی زیاتر شەوە بوە رۆژی روناک قارەمانەکانی تیپی ١٥ شارەزوور و تیپی ٥٩ حەمرین و تیپی ٥٧ سەگرمە و تیپی ٥٥ قەرەداغ و تیپی مەڵبەند و تیپی ٥١ گەرمیان ئەو نەخشەیەی بۆیان دانرابوو وەک خۆی جی بە جییان کردو تەواوی مۆڵگەکنای دوژمن دەستیان بەسەردا گیرا
لە زنجیرە چیای گڵە زەردەو گرتنی بورجەکەی قەرداغ و دارەش و خۆرەتاوە رەقە کوژرانی دەیان سەربازو سوپای داگیرکەرو ئەم داستانە بە خوینی ئاڵی فەرماندەی تیپی ١٥ی شارەزوور پیشوو و ١٧ شەهید و نزیکەی ٢٥ بریندار تۆمارکرا کەلاکی دەیان سەربازی دوژمن لە بەردەستی هێزی پیشمەرگەی کوردستان بوو لە شەوێکی پایز جوانتر لە شەوە جوانەکانی بەهار ئەو شاخ و کێوە کرایە رۆژی روناک لە گەڵ تەپڵی سەرکەوتنی هیزی پیشمەرگەدا دوژمن زەندەقی چووبوو بۆ بە یانی چەندین فڕۆکەی جەنگی و کۆپتەر هاتنە ئاسمانی ناوچەکە لەلایەن هێزی پیشمەرگەی کوردستانەوە بە چەکی دژە ئاسمانیەکان بە تایبەتی چەکی ماڵوتکەوە کاک سەهاد خانەقینی کۆپتەرێکی جەنگی خستە خوارەوە
شەهید حمە سعید حاجی غەریب
ناسراو بە حمە سعید سێتەڵانی
لە ساڵی 1955 لە گوندی سێتەڵان لە دایك بووە
خویندنی سەرەتایی لە گوندی کانی میل تەواو کردووە
خویندنی ناوەندی لە دەربەندیخان تەواو کردووە
هەروەها درێژەی بە خوێندن داوەو ئامادەیی کشتوکاڵی لە بەکرەجۆ تەواو کردووە
ساڵی 1976 پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی ( کۆمەڵەو ی ن ك ) ەوە
ساڵی 1977 پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە هەرێمی ( 5 ) ی قەرەداغ
لەماوەی پێشمەرگایەتی دا کەسێکی ئازاو چالاك و لە خۆ بردوو بووە
هەر زوو بووە جیگەی بڕوای خەڵك و شۆڕش و
پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە
وەك کادرێکی چالاکی سیاسی و جەماوەری ناسرا
ساڵی 1981 کرا بە لێپرسراوی ناوچەی شارەزوورو لێپرسراوی کارو باری کۆمەڵایەتی بناری شارەزوور
ساڵی 1982 کرا بە فەرماندەی کەرتی دووی شارەزوور سەر بە تیپی ( 55 ) ی قەرەداغ
هەر لەبەر ئازایەتی و لێهاتووی لە سالی ١٩٨٥
کرایە جێگری تیپی ( 15 ) ی هەورامان و
دواتر کرایە فەرمانده‌ی تیپی ( 55 ) ی قەرەداغ
شەهید حمە سەعید هەمیشە خۆی لە پێشمەرگە جیا نەدەکردەوە
هەمیشە لە پێشەوەی سەنگەرەکانەوە بووە هەزاران هەزار سلاو بۆ گیانی شەهید حمەسعیدو گشت شەهیدانی کوردستان



دڵشاد هەورامی
٢٠٢٢/١٠/١٩

# ئەنوەر توفی
## هونەرمەندێکی بلیمەتی هونەر







کەمن ئەو هونەرمەندانەی کە توانیویانە لەیەککاتدا لەچەند بوارێکی هونەردا سەرکەوتوو بیت و لەهەمانکاتدا رێنیشاندەرو مامۆستا بێت، ئەوە تەنها لەکەسایەتییەکی وەکو شانۆکارو نیگارکێش و کاریکاتێرست و نەخشەسازی وەکو (ئەنوەر توفی)دا بوونی هەبێت، ئەو هونەرمەندەی کە لە دوای تەواوکردنی خوێندنی رووداکاتە بیارەو دواتر شاری سلێمانی و وەکو کەسێکی رۆشنفکری بواری هونەر توانی ببێتە بەرێوەبەری چالاکی قوتابخانەکان و دەستەی دامەزرینەری کۆمەڵەی وێژەی کوردی لە سلێمانی و زۆری تر، هەروەها لە بواری شانۆدا چ وەکو دەرێنەر کاریکردووە، لەهەمکانکاتدا زۆربەی دیکۆری شانۆییەکانیش لەلایەن خۆیەوە ئەنجامدراوە، لەهەمانکاتدا نەخشەسازیکی دەسترەنگین و لەهەمانکاتدا کاریکاتێرستێکی تایبەت بواری کاریکاتێری کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە.
هونەرمەند ناوی (ئەنوەر سینۆ محەمەد شەریف) و ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی بامەڕنێ سەر بە شاری دهۆك لە دایکبووە، هەروەها (دار موعەلمینی ریفی) لە بەغدا تەواو کردووە و پاشان وەکو مامۆستا لە شارۆچکەی (بیارە) وەکو مامۆستا دەست بەکار بووە و پاشان لە قوتابخانەی فەیسەڵییەی شاری سلێمانی و دواتر وەکو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بەشی چالاکییە هونەرییەکان بەردەوام بووە، هونەرمەند لە سالی ١٩٥٣ (ڤیینا) و ١٩٧٣ (بەرلین) وەکو نوینەری کورد بەشداری ڤیستیڤالێ لاوانی جیهانی کردووەو ئاستێکی باڵای هونەری لاوانی کوردی نیشانداوە.

هونەرمەند دەرهێنەری ئەم شانۆگەریانە بووە:
- شانۆگەری عوتەیل ١٩٥٦
- شانۆگەری ئافرەت و نوشتە ١٩٥٦
- شانۆگەری ئۆتێلۆ ١٩٥٦
- شانۆگەری تاوان و تۆڵە ١٩٥٧
- شانۆگەری مەم و زین ١٩٥٨
- شانۆگەری بلیمەت ١٩٧٠
- شانۆگەری بازرگانی ڤینیسیا ١٩٧١

هەروەها دیکۆری بۆ چەندین شانۆیی کێشاوە وەکو شانۆگەری چوار قوتابی ١٩٥٧.
لەبواری نەخشە سازی گۆڤار و کتێبیشدا خاوەنی چەندین بەرهەمە، کاری نەخشە سازی بۆ هەریەك لە گۆڤارەکانی بڵێسە، دەنگی مامۆستا، رۆژنامەی ژین کردووە، هەروەها لەبواری وینەکێشاندا زیاتر لە بواری شێوەکاری ناسراوە هەروەها شێوازێکی تایبەتی خۆی هەبووە لە وێنە کیشانی هێڵکاری و هەندێك تابلۆ و سکێچی هەیە کە دەربڕی سوریالیانەی پێوە دیارە، هەروەها بەشداری زۆربەی پیشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی کوردی کردووە لە بەغدا و هەولیر و سلیمانی، هەروەها یەکێکە لە کاریکاتێرستە سیاسییەکان و خاوەنی چەندین کاریکاتێری سەرنجراکێشە، ساڵی ١٩٧٤ نەفی کراوە بۆ باشوری عێراق و ساڵی ١٩٩٤ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە


کوردستان — هونەرمەند ئەنوەر توفی

پەروەردەی سلێمانی پلەی یەکەم وەر ئەگرێ لە پیشانگای ناوچەیی یەککرتوو لە عیراقدا
لەرۆژی ٦/کانونی دووەم/ ٩٧٣ لەبەغدا پیشانگای ناوچەیی یەککرتوو بوقوتابخانە سەرەتاییەکانی عیراق کرایەوە، سلێمانی پلەی یەکەمی تیا وەرگرت وە ئەمقوتابیانە مەدالیای سەرکەوتنیان پێ درا.
١ـ جبار رسـول قوتابخانەی بەرانان
٢ـ سەربەست صالح « کانیسکان
٣ـ جوان جمیل « هەندرێنی کچان
٤ـ پۆلی سێیەم و چوارەم « سەرشەقام
٥ـ سالار سعید صوفی « بێخود

DENGÎ MAMOSTA
صوت المعلم ـ نقابة معلمي كردستان
فرع السليمانية
رخص [١٢٠١] فلس

طبعت بمطبعة راپەرین
سليمانية ٢٠٠٠ ـ ٩٧٣/٢/٢٨



# مام جەلال بۆ،، سەید جەوهەر جەوهەرێک بو بۆکەرکوک .. کێ کەرکوکی رزگارکرد لەساڵی ١٩٩١

ئێمە ئەو هێزە بووین بۆ مردن ڕۆشتینە ناو کەرکوکەوە. شەوی 18 لەسەر 19 ی مانگی 3 ساڵی 1991 ئێمە ڕۆشتینە ناو کەرکوکەوە بە هێزێکی کەمەوە. هەڵبەت لەگەڵ هەندێک کەس چاوپێکەوتن دەکرێن کە کەس نازانێ ئەو شەوە لە کوێ بونە کە ئێمە چووینە ناو کەرکوکەوە. ئەو کەسانە کە باسی گرتنەوەی کەرکوک دەکەن لە ڕوویان نایەت بێژن هێزێکی کەم پێش ئێمە چوە ناو کەرکوکەوە. لە 15 ی مانگ بە ڕێ کەوتین بەرەو کەرکوک. لە قەرەهەنجیر دەرچوین و نۆ کۆپتەری جەنگی ئاسمانیان لێمان گرتبووین و چەندین جار دایان لە هێزەکەمان. بۆ شەو نێزیکی کەرکوک بوینەوە و چەندین جار کەوتینە کەمینەوە و، جادەی لەیلانیشمان بڕی و گەشتینە نێزیک قادسیە، بەڵام لەوێ کەوتینە کەمینێکی گەورەوە و، لەوێدا شکاین و گەڕاینەوە. ئەو شەوە نەمانتوانی کەرکوک ڕزگار بکەین. شەوی 18 لەسەر 19 ی مانگی 3 ی 1991 بۆ جاری دووەم خۆمان ڕێکخستەوە بۆ رزگارکردنی کەرکوک. بە هەمان شێوەی جاری یەکەم کۆپتەرەکان تۆپبارانیان کردین تا نێزیک خۆرئاوا. شەویش کەوتینە کەمینێکەوە، سەرکەوتوانە ئەو کەمینەشمان شکاند. هێزەکەمان بڕێکی لەوێدا پاشەکشەی کرد. کەمینێکی دیشمان بۆ دانرا بوو و ئەویشمان شکاند. بەداخەوە لە هەر کەمینێک تێدەپەڕین هێزەکەمان زیاتر کەمی دەکرد. من و کاک بەرزان و کاک محەمەد چەوری و کاک هەژار و کاک شێرە سەرسپی لەگەڵ کاک جەوهەر بوین و بە بەردەوامی پێش و دوای هێزەکەمان دەکرد تاوەکو هێزەکە بە سەلامەتی بگاتە کەرکوک. گەشتینە نێزیک قادسیە و لەوێدا توشی گەورەترین کەمین بوینەوە. لە ئەو کەمینە دا هێزەکەی سەید جەوهەر، عەلی تەپەلو، مامۆستا تاڵیب، ڕەشید مۆفەری و گزە بووین. سەید جەوهەر بە گزەی وت : برۆ بە ئەوانی دی بڵێ کە داخلی ناو کەرکوک بوینە. پێش ئەوەی هێزەکە بگاتە لامان شەڕێکی زۆر قورسمان کرد لەگەڵ ئەو هێزەی کە کەمینەکەیان بۆ دانا بووین. ئەو کەمینەشمان شکاند و کاک جەوهەر وتی: خێرا خۆتان بگەیەنن بە ماڵەکان. بە ڕاکردن چوین بۆ ناو ماڵەکان و لەوێشدا توشی کەمینێکی دیکە بوین کە زۆربەمانی لێک دابڕان. ئێمە لە کۆڵانێکدا شەڕمان دەکرد و سەید جەوهەریش لە کۆڵانێکی دیکەدا. بە هەر حاڵێک بوو گەشتینە ناو شۆرجە؛ خۆر زەردەی نەدابوو کۆپتەر هەڵسا بۆ بان کەرکوک. ئێوارەکەی کەوتینە کەمینێکی دیکەوە، خۆشبەختانە ئەویشمان شکاند. بۆ بەیانیەکەی لە شۆرجە گەشتمەوە بە سەید جەوهەر و کاک بەرزان. من و کاک بەرزان بە خێرایی ڕۆشتین بۆ مەرکەز ( پیریادی)، خەڵکێکی زۆری لێ بوو. خەڵکێکی زۆرمان لەگەڵ بوو کە هەمویان بێ چەک بوون جگە لە من و کاک بەرزان، بەڵام ئەو خەڵکە هێندە داخ لە دڵ بوون بە بەرد هێرشیان کردە سەر بەعسیەکان. من و کاک بەرزان چوینە نێو حەوشەی مەرکەزەکەوە و بە ڕومانە و دەسرێژ دایانگرتینەوە و کەوتین لەسەر زەویەکە. نێو حەوشەی مەرکەز ببوە یەک چەقە دوکەڵێ هەر باس ناکرێت. پاش کەمێک هەستامەوە و بانگی کاک بەرزانم کرد، کەچی دەنگی نەبوو. دوای کەمێک دیتم کاک بەرزان لەسەر زەویەکە کەوتوە و خەڵتانی خوێن بوە، بە خێرایی خۆم گەیاندە سەری و دیتم شەهید بوە. زۆر داوای هاوکاریم کرد، بەڵام کەس نەهاتە دەممەوە. بە تەنها و بە زەحمەتێکی زۆرەوە لە مەرکەزەکە دەرمکرد. لەو کاتەدا کۆمەڵێک گەنج هاتنە یارمەتیم و دوورمان خستەوە لەو ناوە. کاک بەرزان، یاسینە بچکۆل، عەلی تەپەلو، کاک هەژار و چەندین پێشمەرگەی دیکە لەوشەو ڕۆژەداشەهید بوون. من و مامۆستا تاڵیب و مەلا حەسەن و مام برایم فەرتەنە چوین بۆ شوقەکان. چەند دەبابەیەک بەرانبەرمان بوو و دەیدا لە هەر ماڵێک بێ یەک و دوو وێرانی دەکرد. گەشتە نزیک کاتژمێر سێ و تەقەمەنیمان تەواو کەمی کردبوو، بۆیە گەڕاینەوە بۆ لای هێزەکەمان و دیتمان فرە هیلاکن و تەنها چەند ماڵێک مابوو بە دەستمانەوە. لەوێدا کاک جەوهەر بە شێخ کەریمی وت : من لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا دەڕۆم و پشتی شۆرجە پاک دەکەمەوە و گەر هێزمان پێ نەگەیەت ئەوا دەردەچین. کاک جەوهەر وتی : کێ لەگەڵم دێت؟ من و محەمەد چەوری و هەژار کەرکوکی و ڕەشید مۆفەری و شێرزاد سەرسپی و نزیک پێنج کەسی دیکە وتمان دێین. لەگەڵی ڕۆشتین و پشتی شۆرجەمان پاک کردەوە و ئاگری نەورۆزمان کردەوە، تا ئەمەمان کرد هێزەکانی چەمچەماڵ گەیشتن بە ناو کەرکوک. ئەو پێشمەرگانەی بەشداربوون لە ڕزگارکردنی کەرکوک ئەمانە بوون؛



1- شەهید سەید جەوهەر
2- شەهید سەید بابا
3- شەهید بەرزان
4- شەهید هەژار
5- شەهیدفرهادحمەغریب
6- شەهید عەلی تەپەلو
7- شەهید یاسینە بچکۆل
8- شەهید شێرزاد سەرسپی
9- هەژارحمەساڵح هەژارکەرکوکی
10-محەمەد چەوری
11- کاوە تالاوی
12- جەلال قولیجانی
13- مەلا حەسەن
14- نورەدین دوزی
15- مەردان چاوشین
16- سەمەد کەرکووکی
17- برایم فەرتەنە
18- مەسعود قۆچەلی
19- شێخ کەریم
20- ڕەشید مۆفەری
21- ڕەشید هەرێنە
22- مامۆستا تاڵیب
23- مەلا ئەمین
24- ڕزگار حاجی کایل
25- مەلا ئەحمەد.....
26- داوای لێبوردن لە هەموو ئەو پێشمەرگە قارەمانانە دەکەم کە نێویانم لە بیر چوە.

بەیانی ڕۆژی 25ی 3ی 1991 ناو کەرکوک تۆپباران کرا. کاتژمێر 10 ی بەیانی دوو کۆپتەری جەنگی و دوو تەیارەی سیخۆ بە سەر شاری کەرکوک دا سوریان دەخوارد. ئێمەش بە کۆمەڵ لە بەردەم بارەگای خۆمان وەستا بووین و سەیری فڕۆکەکانمان دەکرد، چوزانین لە کەرکوکی گەورەدا ساروخی مەرگ بۆ ئێمە دەهاوێژن. چەند ناپاڵمێکیان خستە خوارە بۆ ئامێزی ئێمە، لەوێدا یازدە پێشمەرگە و خۆوڵاتی خەڵتانی خوێن بوون و گیانی پاکیان بەرەو ئەو دنیا برا و، زیاتر لە چل کەسمان ڕەوانەی نەخۆشخانە کرد.

* ناوی پێشمەرگەکانی وێنەی یەکەم : لای ڕاستەوە : جەلال قولیجانی، شەهید سەید بابا، شەهید حمەئاخە، شەهید بەرزان، هەژار کەرکوکی و شەهید سەید جەوهەر.

**#جەلال_قولیجانی.**

**بە سوپاسەوە لە کاک عەبدوڵا سەنگاوی وەرگیراوە**

# پەشێو بە پەیامێک پشتیوانی خۆی بۆ خەڵکی ئێران دەربڕی

**عەبدوڵا پەشێو، شاعیری گەورەی کورد بە پەیامێک پشتگیری خۆی بۆ خۆپیشاندانی خەڵکی ئێران دەربڕی کە لە بەرامبەر گیان لەدەستدانی ژینا ئەمینی، خۆپیشاندانیان ساز کردووە.**

پەیامی پشتیوانی لە ئازیزان..

وەك چۆن لە ساڵی ٢٠١٠ دا "محەممەد" ێك، لە شاری "سیدی بوزید"ی توونس، لە داخی هەژاری و بێچارەیی ئاگری لە خۆی بەردا، بە بڵێسەی بەدەنی خۆی هەموو وڵاتی خرۆشاند و رژێمی"بنعەلی"ی ژێروژوور کرد، هەرواش، خوێبەختکردنی"ژینا" ڕۆژهەڵاتی کوردستانی یەکپارچە جۆش دا، ڕق و کینەی ٤٣ ساڵ خەفەکراوی هەموو ئێرانی تەقاندەوە، بەرامبەر "ویلایەتی فەساد" گشت زمان و دیالێکت و نەژاد و مەزەبەکانی خستە ناو سەنگەرێکەوە.

(ژن، ژیان، ئازادی) دروشمێکی مژدەبەخشە، نیشانەی ڕۆلی پێشڕەوانەی ژنانە، پڕە لە ئومێدی دواڕۆژێکی جوانتر و درەوشاوەتر بۆ مرۆڤ. ئەوانەی ئەم دروشمە بەرز دەکەنەوە و دەیچڕن سەوداسەری ژیان و ئازادین، پەیامی ڕێنیسانس و خۆخوێندنەوەی سەرتاپێیان هەڵگرتووە. ژینا، بە مەرگی پێشوەختی خۆی، بە هەموو دنیای گوت کە سەپاندنی یەك دین، یەك مەزەب، یەك دروشم، یەك زمان، یەك پۆشاك و یەك ڕەهبەر تونێلێکی تاریکی بێ دەرچەیە، مایەی شەرمەزارییە، دابڕانە لە گیانی سەردەم.


ڕاپوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر تێکڕای گەلانی ئێران، نەك هەر بۆ ئێران خۆی، بەڵکو بۆ گشت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش گرنگە، بۆیە پێویستە بێ دوودڵی، بێ چەندوچۆن، پشتیوانیی لێ بکرێ.

بەڵێ، ڕاپوونی جوگرافیایەکی فرەڕەنگی پانوپۆڕ کاریگەرە، بەڵام کاریگەرتر و چارەنووسسازتر پایتەختی دەسەڵات و دەوروبەرەکەیەتی، چونکە پێگەکانی ڕژێمی تێدایە، هەروا، چونکە ئەو زەبروزەنگ و کوشتارەی ڕژێمی ئاخوندان لە کوردستان و بەلوجستان و پەراوێزەکان بەکاریان دێنێ، ناتوانێ بە هەمان شێوە لە پایتەخت پیادەیان بکا، نەك هەر لەبەر ئەوەی لە تەنینەوەی ئاگری نێزیك دەترسێ، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە سێنتەری بڕیار پتر چاوی کامیراکانی جیهانی لەسەرە.

بۆ ئەوەی چنینی بەری ئەو ڕاپوونە مسۆگەرتر و پشتگیریی نێونەتەوییی کردەکیتر و یەکڕووانەتر بێ، پێویستە هەوڵی سازکردنی پلاتفۆرمێکی سیاسی بدرێ و بکرێتە نەخشەڕێی سەرکەوتن. دەبێ هەمووان لەوە دڵنیا بکرێنەوە کە لە داهاتوودا مۆدێلی فەرمانڕەوایی لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و مافی چارەنووس بنیات دەنرێ، هەر لەم ڕێگەیەشەوە، ئێران دەتوانێ ئەو دێوەزمەیەی چۆکی لەسەر سنگی خۆی و مرۆڤایەتی داداوە لاببا و تاریکستانی سەدەکانی ناوەڕاست جێ بهێڵێ.

نەمری بۆ ژینا،

سەرکەوتن بۆ ئازادیخوازان.



# کوردی ڕۆژهەڵات و حوکمداریی

## سەردار عەزیز

سالانێکی زۆرە دونیا کوردستانی ڕۆژهەڵاتی خستوەتە خانەی لەبیرچونەوە. هۆکاری ئەمە زۆرن. بەڵام ئێستا خەریکە دەبنە جێگای سەرنج و بۆنی دەسەڵات دەکەن. لە گەڵ ئەم سەرنج و گرنگی پێدانەدا عەیب و عاری ئەوانیش زیاتر دەردەکەوێت. ئەوەی دەیبینین و دەیبیستین وەک کوردانی جێگاکانی تر، بێتواناییە لە زاڵبون بە سەر گرێ شەخسی و گروپی و مێژوییەکاندا.

ئێستا شەڕ لە سەر دروشم و سیمبولە. بیهێنە پێش چاوی خۆت سبەین کە دەسەڵات و پۆست و پلە و پایە و چێژ و خۆشی تری زۆر دێنە مەیدان دەبێت شەڕەکە بگاتە چی؟ هەر لە ئێستاوە باس لە ناوچەی کام گروپ و حیزب دەکرێت کە سەرەتایەکە بۆ پێشاندانی خێلەکێتی و فیودالیزمی سیاسی لە بری تێگەیشتن لە چەمکی تیرەتۆری کە بنەمای حوکمرانی مۆدێرنە.

پاشخانی زۆرێک لەم گروپانە چەپە. دیارە چەپ مۆدێل و شێوازی زۆرە، بەڵام بە گشتی کۆمەڵێک خەسڵەتیان هەیە، سازش نەکردن، مەسیانیزیم، یانی بڕوابون بەوەی کە داهاتوو بۆ ئەوانە، ئەمە لە گەڵ مەسیانیزمی مەهدی شیعەدا تەبایە لە ئاستی میتۆدا، گیرۆدەبون بە بونی زمانی لە بری واقیع، لێرە مەبەستم ڤیگنیشتاینە.

ئەوەی هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان دەبێت ئەزمونی لێ وەربگرن باشور و کۆماری ئیسلامییە. باشور هێشتا نەیتوانیوە بە سەر کۆدەردی شەڕی ناوخۆدا سەربکەوێت. شەڕی ناوخۆ لە باشور هێندە ڕۆچوە کە نەک خەڵکی هەستی پێناکات، وەک چۆن هەست ناکەن بە هەڵمژینی هەوا، بەڵکو بەبێ ئەوە ناتوانن بژین. ئەمە ئەزمونێکی زێرینە نەک چۆن دوبارەی بکەیتەوە بەڵکو چۆن خۆتی لێ بپارێزیت. ئەزمونی دووەم، کۆماری ئیسلامییە.

کۆماری ئیسلامی لە سەر قەیرانێکی قوڵی نوێنەرایەتی دروستبوە. کرۆکی تێزی خومەینی دروستکردنی نوێنەرێکە بۆ پێغەمبەر لە سەروویی هەیە بە سەر حکومەتێکی سەردەمیانە. ئەم نوێنەری پێغەمبەرە کە فەقیهە، حاکمی مرۆڤەکانە بە دابراو لێیان. ئەم مۆدێلە دیسانەوە کێڵگەیەکی بە پیتە بۆ بیرکردنەوە لە چۆنێتی بونیادنانی سیستەمێکی نوێنەرایەتی جیاواز. دونیای سیاسەتی کوردی هێشتا فێرنەبوە کە چەمکی نوێنەرایەتی چییە. کارێکی ووردم لەمبارەوە بۆ خانەی بیری هۆڵەندی کلینگەدێل کردوە بەڵام لە بەر ئاڵۆزی هەر درێژە دەکێشێت.



# هەفتەیەک پێشئەوەی توشی جەڵتەی مێشک بیت ئەم نیشانانەت لەسەر دەردەکەون

## شارپرێس:

پزیشکانی یەکێک لەنەخۆشخانەکانی ئەمریکا دەڵێن، نزیکەی لەسەدا 43ی تووشبووان هەفتەیەک پێشئەوەی تووشی جەڵتەی میشک ببن هەندێک نیشانەیان لەسەر دەردەکەون، ئەو نیشانانەش بەکەمی 24 کاتژمێر بەردەوامدەبن، هەربۆیە لەکاتی دەرکەوتنیاندا دەبێت دەستبەجێ ڕاوێژ بەپزیشک بکرێت.

گاری بارلێت لەسەنتەری پزیشکی بێڤێرسبرۆک دەڵێت:"هەندێک لەنەخۆشەکان کە دواتر توشی جەڵتەی مێشک دەبن، لەناکاو چاوێکیان لەدەستداوە، هەندێکجاریش هیچ ئازارێکیان نییە، لەهەندێک حاڵەتدا پەڵەی ڕەشیان سێبەر لەپێش چاویان دەردەکەوێت".

هەروەک وتویەتی:"لەدەستدانی کاتیی هەستی بینین دەکرێت ئاماژەبێت بۆ جەڵتەی بچوکو لەیەک لەسەر سێی حاڵەتەکاندا پێشەکییە بۆ جەڵتەی توند، هەروەک یەکێک لەنیشانەکانی جەڵتەی بچوکی مێشک هەستکردنە بەبێهێزیو ناڕەحەتی لەپەلەکانی جەستەدا".

پزیشکان جەخت لەوەدەکەنەوە، دابەزینی ئاستی پەستانی خوێنو ئاستی کۆلیسترۆڵی زیانبەخش، مەترسییەکانی تووشبوون بەجەڵتەی مێشك کەمدەکاتەوە.

و: ئاکۆ ئاڵی




# زیندووەکان و مردووەکان - کورتە چیرۆکێک

دوای ئەوەی بارانێکی بەخوڕ وەستا لە ماڵە بچووکەکەم نزیک بوومەوە.
لە دوورەوە سەیری دەکەم زۆر کەس دەبینم لە نزیک ماڵەکەم قەرەباڵغن...؟؟
هەنگاوی خێرا دەنێم و لە خەڵکەکە نزیک دەبمەوە، لە سەرووی دەنگمەوە هاوار دەکەم:
- چی ڕوویدا ..؟؟
هەموو جەماوەرەکە بە ترس و ترسەوە سەیری دەموچاویان دەکرد، چاوەکانیان خەریک بوو بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە سەریان دەربچێت..!!
براکەم چەند ساتێک تەماشای کردم و بێهۆش کەوت، بە کردارەکەی جەماوەرەکە سەری سوڕما، بۆیە منیش لە سەری دەنگمەوە هاوارم کرد:
- تۆ چیتە..؟؟
کەسێک وەڵام دەداتەوە:
- ماوەیەک پێش ئێستا تەرمی تۆمان بەخاک سپارد.
من وەڵامی دەدەمەوە:
- چی دەڵێی ..؟؟
زۆربەی جەماوەرەکە بە دەنگی بەرز وەڵامیان دایەوە:
- ماوەیەک پێش ئێستا ناشتمان کردی...؟؟
بە قسەی خەڵکەکە سەرم سوڕما و بە دەنگێکی بەرز گوتی:
- من لەبەردەمتدا زیندووم.
یەکێک لە خەڵکەکە وەڵامی دایەوە:
- لە ماڵە بچووکەکەتدا تەرمی پەراوێزخراومان دۆزیەوە، کە بەهۆی بارانەوە بە تەواوی وێران بوو..؟؟
بە هەمووانی گوت:
- بەهۆی بارانێکی زۆرەوە لە کوخەکەم هاتمە دەرەوە، ئێستاش گەڕامەوە.
دوای ئەوەی قسەکانم تەواو کرد، بینیم چاوی جەماوەرەکە ڕوویان کردە ئەو کونە کە گۆڕەکەی تێدا فڕێدرابوو، ڕستەیەکی کورتی دووبارە کردەوە:
- کێیە ئەو کەسەی ناشتمان کرد، وە لە ماڵەوە بوو..؟؟

حوسێن عەلی غالب بابان



# کورد سەردەمێکی نوێی گەشی سیاسی و ئابوری

ڕێبوار محمد ئەمین

لەئێستا دا جیهان بەقۆناغی ڕاگوزەری نەزمی نوێی نەوت و گازدا تێدەپەڕێت .

ململانێی وزەو جەنگی رووسی ـ ئۆکراین تەواوی سیاسەت وئابوری لەجیهان گۆڕیوە بەگشتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ،بەبۆچونی من هەموو ئاراستە ئابوری وسیاسیەکان بەقازانجی کورد دەشێکێتەوە ئەگەر کورد لەخۆی تێک نەدات.

گۆڕانکاریەکانی چین :

یەکەم ـ گۆڕانکاری ئابوری

بڕیارەکەی ئۆپێک پڵەس بۆکەمکردنەوەی هەناردەی نەوت لێکەوتەی ئەرێنی بۆکورد لێکەوتەوە بەوەی کە دەیانەوێت نرخی نەوت بەرزکەنەوە ئەم بەرزکرودنەوەیە وادەکات هەرێمی کوردستان داهاتی نەوتی بەردەوامی باشی هەبێت و هەوڵی کۆنترۆڵی کێشە ئابوریەکانی بکات و مەترسی قەیرانی زیاتری لێ دووربکەوێتەوە و لەبەرانبەر بەغدادا سەربەخۆی ئابوری وسیاسی بەهێزی هەبێت.

لەململانێکی دۆسیەت نەوت دا بەکارتێکی بەهێزەوە ململانێ بکات.

دووەم ـ گۆڕانکاریە سیاسی یەکان

بەهۆی جەنگی رووسی ـ ئۆکراینەوە تادێت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابەش دەبن بەسەربەرەی شەڕدا کەبەم شێوەیە :

١-وڵاتانی عەرەبی ناو ڕێکخراوی ئۆپێک بەعێراقیشەوە لەئێستا بەهۆی بڕیاری کەمکردنەوەی هەناردەی نەوتەوە خۆیان خزاندۆتە بەرەی رووسی و دژی ئەمریکی یەوە ئەمەش کاریگەری ئەرێنی بۆ دۆسێی نەوتی هەرێم هەیە لەگەڵ بەغداو پشتیوانی زیاتری بۆ کورد پەیدادەکات باشترین نمونە هاتنی کۆمپانیای کۆمێت گرووپی ئەمریکی یە بۆهەرێم بۆ وەبەرهێنانی نوێ لەبواری نەوت لەکاتێکدا کە بەغداد دەیەوێت کۆتای بە دۆسێی نەوت بهێنێت وبیخاتەوە ژێردەستی خۆی.

٢-تورکیا

تورکیا لەئێستادا دەیەوێت هاوسەنگی لەنێوان ناتۆو رووسیا ڕابگرێت بەڵام ئەم هەڵوێستەی ناتۆی نیگەران کردووە جێگەی متمانەی ناتۆو ئەمریکا نی یە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر تورکیا و هەمووگوشارێک لەسەرتورکیا کاریگەری ئەرێنی لەسەر کورد بەگشتی دەبێت.

٣-ئێران

ئێران لەململانێ یەکی توندی ناوخۆی،هەرێمایەتی نێودەوڵەتی ئابوری وسیاسی یە ،لەلایەک لەناوخۆ هەژانێکی سیاسی گەورەهەیەو دۆخەسیاسی یەکەی ئاڵۆزکردووە گەمارۆکانی سەرئێرانیش دۆخەئابوریەکەی قورس کردوە.

ئێران لە ململانێدایە لەگەڵ بەشێک لەوڵاتانی عەرەبی ئەمانەش تێچێن دەکەن لەورووداوانەی ناوئێران وسەرئێشەی بۆدروست دەکەن.

هەروەها ئێران لەململانێیەکی توندە لەگەڵ ڕۆژئاواو بەهۆی درۆنەکانی یەوە پشتیوانی ئاشکرای بۆرووسیا سەلماندوە دژی ئەمریکاو ئەوروپا ئەمەش لێکەوتەی مەترسی داری لێەکەوێتەوە.



ململانێکانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەبۆچونی من بەرەوخاوبوونەوە دەچێت لەبەرئەم هۆکارانە :

ـ ئەگەر ئێران بیەوێت پەرچەکرداری بەردەوامی هەبێت دژی هەرێم بەهۆی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوا زیانی ئابوری وسیاسی دەبێت بۆ ئێران، لەڕووی ئابوری یەوە کێشە بۆبازرگانی دروست دەبێت و ئێران زیانی پێدەگات ناتوانێت هەرێم وەک بازاڕی خۆی بەکاربێنێت وزیانی پێدەگات.

لەڕووی سیاسی یەوە ئەگەر ئاڵۆزی بەردەوام بێت لەگەڵ هەرێم ئاڵۆزیەکان بۆناوخۆی ئێران زیاتردەبێت.

بەبۆچونی من نیگەرانیەکانی ئێران لەدۆسەی غازی هەرێم کەمبۆتەوە و بەهۆی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ تورکیا بۆهەناردەی غاز،وەهەروەها پشتیوانی کورد لەحکومەتی نوێی عێراق کاریگەری دەبێت لەخاوکردنەوەی ململانێکانی نێوان هەولێرو بەغدادو ئاراستیەکی نوێ وەردەگرێت بەوەی ئێران دەیەوێت کورد بەردەوام پشتگیری حکومەتی نوێی عێراق بکات چونکە موقتەداسەدر وەک دوژمنێکی حکومەتی نوێ سەیردەکات ئەگەر کورد پشتیوانی حکومەتی بەغداد نەبێت بۆ سەدر ئاسانتر دەبێت بۆ ڕووخانی.

ئەنجام

هەموو گۆڕانکاریەکان بەقازانجی کورد دەشێکێنەوە هیوادارم کورد بەوپەڕی ژیری یەوە خۆی ئامادەبکات و سود لەڕووداوەکان وەربگرێت و یەکریزی ماڵی خۆیش ڕێک بخات و یەک دەنگ ویەک ڕەنگ بن.

* ماستەر لەگرێبەستی نەوت وگاز

**لە دراومیدیا وەرگیراوە**

# خستنی نەیار بەنەیار
# ئاسۆ عەبدولەتیف

گەمەی هەڵبژاردنو دیموکراسیی‌و مانۆڕ لەدڵی تورکیا کە ئیستانبوڵو ئەنکەرەیە، تاڕادەیەکی زۆر وەک مۆدێلێکی عەقڵانیی هەدەپەیی گرنگ بوو بۆ سیاسەتی کوردیی لەباکورو سەرکەوتووش بوو کە توانی 67 کورسی بەرێتەوە لەپەڕلەمانو کاندیدی پارتی گەلی کۆماری ئەکرەم ئیمام ئۆغلو سەربخات بۆ سەرۆک شارەوانی ئیستانبوڵ لە2018و کاندیدی دەوڵەتو دەسەڵات بینالی یەڵدرم شکست پێبهێنێت.

خستنی نەیار بەنەیارەکەت ڕێگەی لۆژیکی سیاسییە، ڕێگەی حەکیمی سیاسییە بەئامادەکردنی ژەهرگرتنەوە خەریکی چارەسەرە، ڕێگا دروستەکەی سیاسەتکردنە، لەئیستانبوڵ شارە گەورەکەی تورک تۆ بەهێزبیت یەکسانە بەوەی لەئامەدو ماردین‌و وان‌و جولەمێرگ تا نسێبین‌و سلۆپی‌و زاب‌و ئاڤاشین وەک نەتەوە براوەیت، بۆ کوردی باشوریش وایە، گەر لەبەغدا بەهێزو هاوسەنگ بێت بێگومان خەمی دوزو ڕەحیماوات نەبێ لەکەرکوک‌و کاردانەوەی ئەرێنی هەیە لەسەر هەولێرو سلێمانی تا گەرمیان‌و هەڵەبجەو هەورامان، هەمان ستراتیژو پاڕادایمی هەدەپە لەباکور، ئێستا کورد کە محەمەد شیاع سودانی سەرخست‌و عەبادیی‌و عامری‌و خەزعەلی خست بۆ سەرۆکایەتی ئەم کابینەیە، گرنگە سود لەو دەرفەتە وەربگرن.

دیدگاتان ڕون بێت، پۆست گرنگ نییە، سەنگ‌و قورسایی گرنگە، ئازابن لەم قۆناغە لاوازەی بەغدا، مەهێڵن سیستمی سێنتراڵی فاشی‌و تائیفی‌و وەلائی‌و بەربەریزمی حەشد وەخەبەربێتەوە دژی کوردو دەستبخاتە گەردنمان‌و وەک تورکیا پەرلەمانتارەکانمان زیندانی بکەن‌و زمان‌و کلتورمان دەستکاریی بکەن.

هەڵبژاردنی کاندیدی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا لەهاوینی 2023 لەدەستی هەدەپەدایە یەکلایی بکاتەوە بەگەمەو مانۆڕو تەحەددیات، ئێمە کۆمارەکەی عێراقمان دەستخستوە بەئیستیحقاق، لێ بەس دڵی کوردان قاژو پارچەپارچەیەو هێشتا وەدەستنەهاتوە بەهۆی ململانێ حزبی‌و ئایدۆلۆژیەکانەوە.

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی
**لە شارپرێس وەرگیراوە**



## پێشمەرگە

مێژوی شۆڕشەکان ئەو ڕاستیەیان سەلماندوە ، کە درێژی شۆڕش و ڕۆحی بەرەنگاربونەوە لەسە بیر و خوێنی شۆڕشگێڕەکان بەردەوامی هەبوە ، شۆڕشەکان قۆناغێکی سەختی هەمو نەتەوەکانی دنیا بوە و دواتریش شۆڕشگێڕەکان وەک ڕزگارکەری گەلێک لە قۆناغێکدا وێنا کراوە ، ڕۆژانێ بو لە هیچ سوچێکی ئەم دنیای بەرژەوەندییەدا هیچ چاو و میدیا و کەناڵێکی سیاسی و ئابوری و هەتا کۆمەڵایەتیش باسی کارەساتەکانی وەک ئەنفال و کیمیاباران و خاپورکردنی نەتەوەک لەسەر خاکی خۆی نەدەکرد ، ئەوە تەنها بیری مقاومەت و لیپرسراویەتی و خوێنی شۆڕشگێڕەکان و چیاکان بون کە ئازایانە بەردەوامیان بە شۆڕش دەدا و بە خوێنی خۆیان پارێزگاریان لە گەلێک و نیشتمانێک و خاکێک دەکرد.



وێنەکە قاسمەڕەش ساڵی ١٩٨٨
عەدەد جیهازەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان :
لە ڕاستەوە ڕەحمەتی نەوزادی موهەندیس،سەرکەوتی جیهاز،سەربەست ئەحمەد فەتاح،ئامانج،ئازاد،ئاراس ئبراهیم،سالار،خالید رەزا،نەوزاد،عەدنان،ڕەحمەتی بەرزان محمد مینە.

YADNAMEیادنامە

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنی‌یە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبی‌یەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردی‌یەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) بەهاوکاری بەختیار شارەزووری لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703